دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٢٣

www. kurdistanukurd.com

شەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٨ ـ ٢١ی نوامبر ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨، یادێك لە ڕووداوێکی گرنگ

سیاسی



خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆڵی ژنانی ئێران لە بزووتنەوەی سەوزدا

کوردستانی



مەبەست و هۆیەکانی کرانەوە بە ڕووی کورد دا

کۆمەڵایەتی




توندوتیژی لە دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی

# گیانی بەندیە سیاسی یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەترسی دایە، با فریایان کەوین

## بانگەواز

بەرەبەیانی چوارشەممە ٢٠ ی خەزەڵوەر، جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانی سنە, ئێحسان فەتاحییان، تێکۆشەری سیاسیو لاوی ئازادیخوازی کوردیان ئیعدام کرد. ئێحسان فەتاحییان ساڵی ١٣٨٧، دەستگیر کرابوو ١٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕابۆوە، بەڵام دادگای چاوپێداخشاندنەوەی پارێزگای کوردستان بەم حوکمە دا چۆوەو سزاکەی لە ١٠ ساڵەوە کردە ئیعدامو ئەم حوکمەش، سەرەڕای نارەزایەتی دەربڕینی کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوەچوو.

هەر ئێستا زیاتر لە ١٠ بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دان کە بە ئێعدام مەحکووم کراون. هێندێك لەوان بۆ وێنە شیرکۆ مەعاریفیو حەبیبوڵلا لەتیفی لە هاوبەندەکانیان جیا کراونەوەو نیشانەکان ئەوە دەگەیەنن کە کاربەدەستان نیازی بەرێوەبردنی حوکمی ئیعدامی ئەوانیشیان هەیە. پێویستە بگوترێ هەموو بەندییە سیاسییەکانی کوردستان کە بە ئیعدام مەحکووم کراون، تاوانی هەنگاونان بە دژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتو شەڕ لەگەڵ خودایان دراوەتە پاڵ." ئیحسان فەتاحییان" یش هەر بەم تاوانانە ئیعدام کرا.

نیگەرانی لە بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدام لە بارەی بەندکراوە سیاسییەکانی کوردستان، جیددیو لە جیی خۆی دایە. کاتێك دەسەڵاتێکی قەزایی، بە پێچەوانەی ڕەواڵی باو لە پێداچوونەوەی حوکمی بەندییەك دا، لە جیاتی سووك کردن، سزاکەی قورستر دەکاو کەسێکی مەحکوومکراو بە ١٠ ساڵ بەندیخانە بە ئێعدام مەحکووم دەکا، چاوەڕوانیی ئەوەشی لێ دەکرێ حوکمی ئیعدام لەسەر ئەو گیراوانە بەڕێوە ببا کە سزای مەرگی بەسەر دا سەپاندوون.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرنجی میدیاکان، کۆڕو کۆمەڵو ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ، دەوڵەتانی بە نفووزی جیهانو هەموو ویژدانێکی بەخەبەر و سەرجەم مرۆڤدوستانی دنیا بۆ لای مەترسیی بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدام لە بارەی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان رادەکێشیو داوا دەکا دژی بەڕێوەچوونی ئەم سزایە لە ئێران بە تایبەتی لە دژی تێکۆشەرانی سیاسیو داواکارانی ئازادی دەنگ بەرز بکەنەوەو فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەم پێوەندییە دا، حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەرانسەری ئێران بانگەواز دەکا بۆ کاری هاوبەشی بە پەلە بەمەبەستی نەجاتی گیانی ئازادیخوازە بەند کراوەکانی کوردستانو ئێران.

لە خەڵکی خەباتگێڕو خۆڕاگری کوردستانیش داوا دەکەین بۆ نەجاتی گیانی ڕۆڵە تێکوشەرەکانیانو دوور خستنەوەی مەترسیی ئیعدام لەوان لە مەیدان دابن. لەم بارودۆخە ئەستەمەدا پشتیوانی ڕۆڵە بەندکراوەکانیانو بنەماڵە نیگەرانەکانیان بن. کاتی ئەوەیە لە هیچ هەولێك بۆ لە قاودانی نیازی دەسەڵاتدارانی مرۆڤکوژو گەیاندنی هاواری زۆر لێکراویی بەندییەسیاسییەکانی کوردستان دریغ نەکەن.

باهەموومان بەیەکەوە لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، جموجۆڵێکی ئەوتۆ وەڕێ بخەین کە کۆماری ئیسلامی نەتوانێ بەهاسانی تێکۆشەرانو ئازادیخوازان ئیعدام بکا یا سزای ناڕەوایان بەسەردابسەپێنێ. با وابکەین ئەو ڕێژیمە هەست بکا بۆ هەر تاوانێك کە ئەنجامی دەدا، لەگەڵ شەپۆلێکی بە خرۆش لە نارەزایەتی و بێزاری دەربڕین لە ئاستی نێوخۆو دەرەوە دا بەرەوروو دەبێ.

بە هیوای هەڵویستی شیاوی هەموو لایەك لەم پێوەندییە دا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ی خەزلۆەری ١٣٨٨**
**٢٠٠٩/١١/١٦**

## فشارەکان بۆ سەر زیندانیانی سیاسیی کوردو بنەماڵەکانیان زیادی کردوە

دوابەدوای لە سێدارەدانی چالاکی سیاسیی کورد ئیحسان فەتاحییان و مانگرتنی هەشت ڕۆژەی بەندکراوانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی ناوەندی شاری سنە، ڕێژیم فشارەکانی بۆ سەر بەندکراوان و بنەماڵەکانیان چەند قات زیاد کردوە.

بە پێی هەواڵەکان ڕۆژی پێنج شەمۆی رابردوو، زیندانوانان بە بڕیاری محەممەدی خوسرەوی بەرپرسی بەندیخانە هێرشیان کردۆتە سەر عەدنان حەسەن پوورو حەبیبوڵلا لەتیفی و وێڕای دەست بەسەرداگرتنی هەموو کەلوپەلە شەخسییەکانیان وەکوو کتێب و نووسراوەکانیان، دەستیان کردوە بە لێدان و ئەشکەنجەدان و سووکایەتی کردن بەو دوو بەندییە سیاسییە کوردە. زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەری زۆرە لە ڕۆژانی داهاتوودا زۆربەی زیندانییە سیاسییەکان بۆ ژووری تاکەکەسی بگوازرێنەوە.

لە لایەکی دیکەوە هێزەکانی ڕێژیم هەڕەشەیان لە بنەماڵەی بەندکراوانی کورد لەوانە بنەماڵەی حەبیبوڵلا لەتیفی کردوە کە نابێ بە هیچ شێوەیەك زانیاری سەبارەت بە ڕۆڵەکانیان بە مێدیاکان رابگەیەنن و پێشیان راگەیاندوون کە پەروەندەسازی بۆ ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکانیان دەکرێ و سزای قورس بە سەر ئەوانیشدا دەسەپێنری.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی کورددا، ئاژانسی هەواڵی موکریان بڵاوی کردۆتەوە کە مستەفا سەلیمی بەندکراوی بە ئێعدام حوکم دراو لەو دوایانەدا فشارێکی زۆری خراوەتە سەرو ناوبراو لە بارودۆخێکی نالەباری دەرونی‌دا بە سەر دەبا. شایانی باسە مستەفا سەلیمی ساڵی ١٣٨٢ لە لایەن دادگای شاری سەقزەوە بە تاوانی "محاربە" بە ئێعدام حوکم درا.



## وەزیری دەرەوەی هولەند: هەوڵ دەدەین پێش بە ئێعدامەکان لە کوردستان دا بگرین



ماکسیم فێرهاخن، وەزیری دەرەوەی هولەند لە وتارێك دا لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا رایگەیاند کە دەوڵەتی هولەند لە بارو دۆخی بەندکراوانی مەحکووم بە ئێعدامی کورد لە ئێران دا دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدا پێش بە ئێعدامیان بگرێ.

ماکسیم فێرهاخن هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی هاری خان بومل ئەندامی فراکسیۆنی حیزبی سۆسیالیست دا کە ئایا لە ئەگەری ئێعدام کرانی شێرکۆ مەعارفی و حەبیبوڵلا لەتیفی لە ڕۆژانی داهاتوودا، ئاگادارە، رایگەیاند کە دەوڵەتی هولەند بەوردی ئاگاداری باردودۆخی ئەو دوو بەندکراوە کوردەیە و چ لە ئاستی یەکیەتیی ئورووپاداو چ لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا داوامان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کردوە کە واز لە ئێعدام کردنی بەندکراوانی سیاسی بێنێ و بەو شێوەیە پابەند بوونی خۆی بە پەیمانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بسەلمێنێ. ناوبراو هەروەها لە درێژەدا وتی کە داوامان لە کاربەدەستانی ئێران کردوە کە چاو بە حوکمی ئێعدامی ئەو دووبەندکراوە کورددا بخشێنێتەوە.

## دەسبەسەرکرانی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران هەروا درێژەی هەیە




بەدوای کۆبوونەوەی نارەزایەتیی خوێندکارانی کورد لە ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەردا لە زانکۆی تاران بە دژی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامی ئێحسان فەتاحییان، دەسبەسەرکرانی خوێندکاران هەروا بەردەوامە. بە پێی زانیارییەکان هەر ئێستا چەند کەس لەو خوێندکارانەی کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان کردوە، لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. تا ئێستا ناوی پێنج کەس لە دەسبەسەرکراوەکان ئاشکرا بووە کە لەیلا محەممەدی، پەخشان عەزیزی، سروە وەیسی لە ڕۆژی کۆبوونەوەکەداو ئەحمەد ئیسماعیلی و ئامانج حەیدەری لە ڕۆژانی دواتر دەسبەسەر کراون. هەر لەم پێوەندییەدا ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە ئەو دەسبەسەرکراوانە بۆ شوێنێکی نادیار راگوازراون و هیچ زانیارییەك سەبارەت بە چارەنووسیان لە بەر دەستدا نیە.

## ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشلکردنی وەحشیانەی مافی مرۆڤ لە ئێران دا مەحکووم دەکا

هەواڵدەریی فەرانسە لە نیویورك رایگەیاند کۆمیسیۆنێکی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٠ی نوامبر بە پەسەند کردنی بڕیارنامەیەك، پێشێلکردنی وەحشیانە و بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەتی پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی بە توندی مەحکووم کرد. ئەم بڕیارنامەیە بە ٧٤ دەنگی ئەرێنی و ٤٨ دەنگی نەرێنی و ٥٩ دەنگی بێ لایەن لەم کۆمیسیۆنەدا پەسەند کرا و بەزوویی لە کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان دا دەنگی بۆ دەدرێ.

لەم بڕیار نامەیەدا، سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانە هێمنانەکانی خەڵك دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان، گرتن و ئەشکەنجەی خۆپیشاندەران، بێ سەروشوینکردنی نارازییان، گرتنی ڕۆژنامە نووسان و وێبلاگنووسان، پارێزەران و چالاکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی خوێندکاری و بواری مافی ژنان، بە توندی مەحکووم کردوە. شتێك کە ئەم بڕیارنامەیە لە بڕیارنامەکانی ساڵی پێشوو جیا دەکاتەوە، راوێژی توند و رەخنە گرانەیەتی.

## قوربانیانی ئانفۆلانزای بەراز لە ئێران لە ١٠٠ کەس تێپەڕبوو




وەزارەتی بێهداشتی ئێران ڕۆژی چوارشەممە٢٧ی خەزەڵوەر رایگەیاند کە ژمارەی توشبووان بە پەتای ئانفۆلانزای بەراز لە ئێران سنووری ٣٥٠٠ کەسی تێپەڕاندوە و تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ کەس بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە گیانیان لە دەست داوە.

لەو نێوەدا تەنیا لە حەوتووی رابردوودا ٤٢ کەس بوونەتە قوربانیی ئەو نەخۆشییە و سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی وەزارەتی بێهداشتی ئێران رادەگەیەنن کە ئەو نەخۆشییەیان کۆنترۆڵ کردوە، بەڵام ژمارەی زۆری قوربانییانی ئەو پەتایە خەڵکی بە تەواوی نیگەران کردوە.

حەسەنی ئیمامی ڕەزەوی، بریکاری وەزارەتی بێهداشتی ئێران رایگەیاندکە لە پێناو کۆنترۆڵکردنی پەتای ئانفۆلانزای بەراز سفارشی کڕینی ٢ میلیۆن واکسەنی دژە ئانفۆلانزای بەرازیان بە کۆمپانیا چینیەکان داوە. بەڵام کارناسانی بێهداشت لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەو بڕە واکسەنە تەنیا بەشی بەرگیریی یەک میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ٧٠ میلیۆن کەسیی ئێران دەکا.

شایانی باسە کە پەتای ئانفۆلانزای بەراز زۆر بە خێرایی و لە ڕێگەی مرۆڤ بە مرۆڤەوە بڵاو دەبێتەوە و باشترین پێشگیریش لێدانی واکسەن و راگرتنی پاکوخاوێنی و نەچوونە شوێنی قەرەباڵغە.

# پێکهاتنی سمینارێکی سیاسی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له سوئێد




کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان رۆژی شەممە، ٢٣ ی خەزەڵوەر( ١٤ ـ ١١ ـ ٢٠٠٩ ) لە شاری ڤێستروس سمینارێکی سیاسیی بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ڕوانگە و بیروبۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە مەسەلە گرینگە پەیوەندیدارەکان بە کێشەی کورد پێک هێنا.

ئەو سمینارە بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و هەروەها دەیان کەس لە کەسایەتی‌یە سەربەخۆکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ژمارەیەک میوان، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و ئێرانی و هەروەها بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، پێشکەش بە بەشدارانی ئەم سمینارە کرد. بەرێزیان لە بەشێکی قسەکانی دا ئاماژەی بە پیویستیی هاوکاری و کۆدەنگیی هێزە و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وتی پێویستە هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادی‌یەکانی خۆیان بە مکانیزمێکی نوێ و سەردەمیانە و بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە ئاست بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی، لە بەرانبەر یەکتردا بجووڵێنەوە. هەروەها بەڕێزیان لێکنزیک بوونەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە پێویستی‌یەکی هەنووکەیی و مێژوویی ناوبرد و بیروبۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ئاست ئەم پرسە گرینگەدا بۆ گشت لایەک بە ڕوونی باس کرد.

سەبارەت بە ئاڵوگۆرەکانی ئەم دواییانەی نێوخۆی ئێران دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆکۆماری لە ئێراندا بەرێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم خۆپێشاندانانە کە ئەمرۆ بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکردوە و کەلێنی خستۆتە نێو دەسەڵاتی ئێران، زۆر پێویستە کە ئێمە هێزە سیاسی‌یەکان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆستنەوەی ئەم هەلە، ئامانجە بنەڕەتی‌یەکانی خۆمان بگەیەێنە گوێی هەموو ئەو کەسانە کە بۆ ئازادی تێدەکۆشن و لەهەمان کاتدا لە بەرامبەر بە کێشە و ئاڵوگۆڕەکان لە تاران بێ تەفاوەت نەبین و مەجال بۆ خۆمان درووست بکەین کە مەسەلەی کورد لە ئێراندا بێتە گۆڕی و لەگەڵ ئەوەش دا خەڵکی ئێران زۆرتر لە قەزیە کورد تێبگەیەنین و خەباتەکەمان زیاتر بە نەتەوەکانی بن دەستی ئێران بناسێنین.

# دیداری نێوان وەفدێکی حیزب له گەڵ بەرپرسانی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش

**ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان:** لە درێژەی سەردانی هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وڵاتی ئوتریش، کاتژمێر ٨ و نیوی سەرلە بەیانی رۆژی ١٨ی نوڤامبری ٢٠٠٩ دیدارێک لە نێوان وفدەی حیزبی دێموکرات و وەفدێک لە حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش پێک‌هات.

هەیئەتی سۆسیال دیمۆکراتەکان لەو دیدارەدا پێکهاتبوو لە بەڕێزان دوکتۆر ئولریکێ هارتمان سکرتێری کاروباری نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئوتریش و ئێرنست ڤۆلەر دۆستی کورد و ئەندامی شووڕای شاری وییەن لە سەر لیستی سۆسیال دیمۆکراتەکان. هەیئەتی حیزبیش لەو دانیشتنەدا بریتی بوو لە هاوڕێیان مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گوڵاڵەی شەرەفکەندی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵات و بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بەهاری عەبدوڵڵاپوور جێگری بەرپرسی کۆمیتەی ئوتریش، دوکتۆر عەلی مازوچی بەرپرسی پەیوەندیە بیانیەکانی حیزب لە وڵاتی ئوتریش و خدری هەمزە نژاد ئەندامی کۆمیتەی ئوتریش .

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا کاک مستەفا شەڵماشی باسێکی لە سەر ئێستای ئێران و بە تایبەتی ئێرانی دوای کۆدەتای هەڵبژاردن کرد.لەم باسە دا کاک مستەفا چۆوە ناو وردەکارییەکانی رووداوەکانی دوای هەڵبژاردن و ئاماژەی بە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئیران بە گشتی کردوبە تایبەتی هەڵوەستەی لە سەر جنایەت و کوشت و بڕو ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان کرد و وتی: ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە تاران و شارەکانی دیکە خەڵکانی ئازادیخوازو جیا بیر دەگری و لە زیندان دا ئەشکەنجە و ئازاریان دەدات لە ناوچەکوردنشینەکان دا پۆل پۆل لاوان و جالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دەگرێ و بێ هیچ دادگایەکی عادڵانە و بێ لە بەر چاو گرتنی پێوانە نێو دەوڵەتییەکان، بە ئیعدام مەحکومیان دەکات بۆ ئەوەی خەلکانیتری ئێرانیان پێ چاوترسێن بکات. وەک نمونە باسی ئیعدام کردنی ئیحسان فەتاحیانی کرد کە لە چوارچێوەی پێداچوونەوەیەکی سەرپێی بە ناو دادگای کۆماری ئیسلامی حوکمەکەی لە دە ساڵ زیندانەوە بۆ کرا بە حوکمی ئیعدام و سەرەڕای نارەزایەتیی بەرینی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ناو خۆو دەرەوەی وڵات بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژی ١١ نوامبر دا ئەم جەوانە ٢٧ ساڵەییان تەنیا بە تاوانی سیاسی بوونی ئیعدام کرد. لەم چوارچێوەیە دا لیستی یازدەکەس کە ئێستا لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە ئیعدام مەحکوم کراون تەحویلی هەیئەتی خانەخوێ دا.

لە درێژەی دانیشتنەکەدا باس لە هەوڵەکان بۆ وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی شەهید دوکتۆر قاسملوو کرا و ئاماژە بەو لەمپەرانە کرا کە حکوومەتی ئوتریش ئێستاشی لەگەڵ بێت دەیخاتە سەر ڕێگای وەگەڕکەوتنەوەی ئەم پەروەندەیە.

لەم بارەوە خاتوو گوڵاڵەی شەرەفکەندی وتەبێژی کەمپەینی وەگەڕ خستنەوەی ئەم پەروەندەیە واژۆنامەی پشتیوانانی کەمپەینی تەحویلی هەیئەتی خانەخوێ‌داو باسێکی لە چالاکی و تێکۆشانی ئەم کەمپەینە بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەکرد.

هەیئەتی خانەخوێ وێڕای خۆشحاڵیی خۆیان لەم سەردانە بەڵێنیان دا کە داواکاریەکانی هەیئەتی حیزب بە شوێنی پەیوەندیدار بگەیەنن و لە چوارچێوەی دانیشتنەکاندا چەندین پرسیاریان ئاراستەی هەیئەتی حدک کرد کە نیشاندەری علاقەی ئەوان بە مەسەلەکانی تاوتوێکراو لەم دانیشتنە دا بوو.

# وەفدێکی پایەبەرزی حیزب له گەڵ بەرپرسانی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش کۆبونەوە



لە درێژەی سەردانی هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وڵاتی ئوتریش و ئەو زنجیرە چالاکیە دیپلۆماسیانەی کە بە مەبەستی ناساندنی هەرچی زیاتری ناوەرۆکی دژی گەلیانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەیاندنی دەنگی واژۆکارانی کەمپەینی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی دوکتۆر قاسملوو و هەروەها پێداچوونەوەی پەیوەندیەکان لە گەڵ حیزب و ناوەندەکانی حکومەتی لە وڵاتی ئوتریش، ڕۆژی سێ‌شەممە ١٧ی نوڤامبری ٢٠٠٩ ئەم هەیئەتە بەیاوەریی، خاتوو بەهار عەبدوڵڵاپوور جێگری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئوتریش و دوکتۆر عەلی مازوچی بەرپرسی پەیوەندیە بیانیەکانی کۆمیتەی ئوتریش سەردانی دەفتەری حیزبی سەوزی ئوتریشیان کرد و لە گەل بەڕێزان پرۆفێسۆر ئەلکساندر ڤاندەربێلن ئەندامی پارلمانی ئوتریش و وتەبێژی نێونەتەوەیی حیزبی سەوزو سەرۆکی پێشووی ئەم حیزبە، خاتوو ئالێڤ کۆرون ئەندامی پارلمانی ئوتریش و بەرپرسی کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارلمان دیداریان کرد.

لەم دیدارەدا هەیئەتی حیزب داوای هاوکاری لە حیزبی سەوز کرد تا بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەکە گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی وڵاتەکەی.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران و گۆرانە سیاسییەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە ئەو داواکارییە لەم کات و ساتە و لە وەزعی ئەمڕۆی ئێران دا دەتوانێ دەوری کایگەر ببینێ بۆ ڕێگری لە سەرەڕۆیی حاکمانی ئێران و بە تایبەت ئەحمەدی نژاد کە یەکێک لە مۆرەکانی تیمی بەڕێوەبردنی تیرۆری وییەن بووە و ئەمڕۆ سەرۆککۆماری دەوڵەتی کودەتای ئێرانە.

لە درێژەی باسەکاندا هەیئەتی حیزب باسێکی لە توندو تیژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردن کرد . وەک نموونە باسی ئیعدامی ئیحسان فەتاحیان کرا. هەروەها باس لەوە کرا کە هەر ئیستاش لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا دەیان کەس لە چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ، مامۆستایان، ڕۆژنامەوانان، نووسەران و چالاکانی تری بواری کاروباری مەدەنی بە ئیعدام مەحکووم کراون و چارەنووسیان نادیارە. هەر لەم پێوەندیەدا لە لایەن هەیئەتی میوانەوە لیستێک لە ناوی ئەو کەسانە تەحویلی هەیئەتی خانەخوێ درا و پیداگری لەسەر ئەوە کرا کە بۆ ڕاوەستانی حوکمی ئیعدامی ئەو دوازدە چالاکوانە کوردە ، پێویستە دەوڵەتەکانی ئورووپایی و یەک لەوان ئوتریش بێ لە دەست دانی کات دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن.

هەیئەتی خانەخوی خۆشحاڵیی خۆی لەم دیدارە دەربڕی و بەڵێنیان دا کە بە زووترین کات لە پارڵمانی ئوتریش مەسەلەی ئەو ئیعدامانە باس بکەن و هەروەها لە مەڕ پەروەندەی تیرۆری دوکتۆر قاسملو دڵنیاییان دا کە لەم بارەوە پرسەکان بەرەورووی حکوومەت دەکەنەوە.

هەر لەم دانیشتنەدا وەفدی حیزب ئاگادار کرا کە ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی نوڤامبرلە کۆبوونەوەی کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارلماندا باس لە سەر ئەشکەنجە و ئیعدامەکانی ناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکرێ.

# ڕێپێوانێک له نۆرویژ بۆ داکۆکی له زیندانیانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان



رۆژی سێ شەممە، ٢٦ ی خەزەڵوەڕ( ١٧ی نوامبری ٢٠٠٩ ) ڕێپێوانێک لە لایەن گروپی کوردی لە ڕێکخراوی ئێس.ئۆ. ئێس راسیسمە و گروپی خویندکاری کورد بۆ داکۆکی لە مافی زیندانی سیاسیی کورد لە شاری ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆرویژ پێک هات.

ئەو خۆپێشاندانە بە مەبەستی بێزاری دەربرین بەرامبەر بە لە سێدارەدان و ئەشکەنجە و ئازاری زیندانیانی سیاسیی و مەدەنیی کورد و دەربڕینی نارەزایەتی لە مەڕ حوکمی ئێعدامی ئێحسان فەتاحیان و نیگەرانی سەبارەت بە لە سێدارەدانی ١٢ تێکۆشەری سیاسی و مەدەنی کورد و پشتیوانی دەوڵەتی نۆرویژ بۆ هەڵوەشانەوەی بریارەکانی ئێعدامی ١٢ چالاکی سیاسی و مەدەنی پێک هاتوە.

ئەو خۆپیشاندانە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی رۆژی سێشەممە، ٢٦ ی خەزەڵوەر بە بەشداریی دەیان کەس لە وێستگەی قەتاری ئۆسلۆ بەرەو پارلمانی نۆرویژ بەرێوە چوو.

خۆپێشاندەران کە ئاڵای کوردستان و نۆروێژیان بە دەستەوە بوو ئەو درووشمانەیان دەگوتەوە:

ـــ مردن بۆ رەژیمی کۆنە پەرەستی ئاخوندی

ـــ نا بۆ لەسێدارەدانی رۆڵەکانی کورد

ـــ نا بۆ ئێعدام کردنی شێرکۆ مەعاریفی

ـــ نا بۆ ئەشکەنجە

ـــ زیندانیانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێن

ـــ بژی کوردستان و "حکوومەتی نۆرویژ هەر قسەت نەبێ کردەوەشت هەبێ"

پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ کە لەو خۆپێشاندانەدا چەند پەیام و شێعر وسروود لەبەردەم پارلمانی نۆروێژدا خوێندرانەوە.

# خۆپیشاندانی کوردانی وڵاتی سویس بۆ پشتگیری له بەندکراوانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان

کاتژمێر ١ی دوانیوەرۆی ڕۆژی هەینی، ١٥ ی خەزەڵوەر( ١٦ی نوامبری ٢٠٠٩) و به پێی بانگەوازی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چاوەدێری کوردۆساید و کانوونی دێموکراتیکی پەنابەرانی ئێرانی لە وڵاتی سوئیس، بە مەبەستی پشتگیری لە بەندکراوانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان و مەحکووم کردنی بڕیاری ئێعدام بە سەر ١٣ کەس لەو بەندکراوانە، خۆپیشاندانێک بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئیس لە شاری بێرنی پێتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندانەکە لە گۆڕەپانی "هێلڤیتسیا" ەوە بەرەو باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە گوتنەوەی دروشمەکانی پێوەندیدار بە ئازادکردنی بەندکراوان بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئەڵمانی و مەحکوومکردنی فشار و زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەوان و خواستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئێعدام و بەرزکردنەوەی وێنەو پۆستەری ئەشکەنجەدراوان و زیندانییان کە سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی رژێمی تارانیان لەقاودەدا، دەستی پێ کرد.

پاش گەیشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی پەیامی خۆپیشاندەران بەزمانی فارسی لەلایەن دکتۆر موشاهیدی، بە زمانی کوردی لەلایەن مامۆستا عەزیز ئەحمەدی و بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن هیوا ناسیح خوێندرانەوە، کە تێیدا باس لە ڕەوشی ئێستای زیندانییانی سیاسی و مەدەنی لە ئێران بەگشتی ولە کوردستان بە تایبەتی کرابوو و داواکاری خۆپیشاندەرانی لەخۆگرتبوو. شایانی باسە خۆپێشاندانەکە دوای نزیکەی دوو سەعات کۆتایی هات.

# کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم سەبارەت بە هەڵوێست و پێگەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی ئێران‌دا

ڕۆژی شەممە ٢٣ ی خەزەڵوەر( ١٤ی نوامبری ٢٠٠٩ ) لە سەر بانگهێشتنی ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کۆنفرانسی "هەڵوێست و پێگەی کورد لە پرۆسە سیاسییەکانی ئێستای ئێران دا - گوتاری سیاسی هاوبەش و دیالۆگی نێوخۆیی" بە بەشداریی نوێنەرانی ژمارەیەک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەندین کەسایەتیی ئاکادمیک و سیاسیی کورد دەستی بە کارەکانی کرد. لەو کۆنفرانسەدا وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان د. ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و حەسەن حاتەمی بەرپرسی پێوەندیە کوردستانیەکان لە دەرەوەی وڵات بەشدار بوون.

کۆنفرانس کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان بە تایبەت شەهید ئیحسان فەتاحیان دەستی پێ کرد. لە سەرەتادا بەڕێز تاهیر خالیدی یەکێک لە ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە باسێکی سەبارەت بە زەرووڕەت و ئامانجەکانی ئەو کۆنفڕانسە و کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە پێشکەش کرد. پاشان پەیامی مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی کەسایەتیی ناسراوی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خوێندەوە کە تێیدا پێکهێنانی کۆنفرانسەکەی بە هەنگاوێکی دڵسۆزانە پێناسە کردبوو و پێشوازی و پشتیوانیی خۆی بۆ ئەم جۆرە هەنگاو و ئیبتکارانە دەربڕیبوو. بە دوای ئەوەدا ڕیپۆرتاژێکی ١٥ دەقیقەیی لە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران پێشانی ئامادەبووان درا.

لە بەشی خوێندنەوەی وتارەکاندا سەرەتا وتاری خوێندکاران و ئاکادیمیکانی کورد لە سوئێد لە لایەن خوێندکار سەلام قادر زادە خوێندرایەوە. پاشان وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش کرا. لە سەرەتای وتارەکەیدا ڕێزدار حەسەنزادە باسی لە سیاسەتەکانی حیزب لە بابەت نیزیک بوونەوەی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتیوانی لە هەر چەشنە هەنگاوێک بۆ نیزیک کردنەوەی ئیلیتی سیاسەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکا. پاشان باسی لە ڕوانگە و خوێندنەوەی حیزب بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران و سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکان دژ بە سەرەرۆیی و دیکتاتۆری کرد و بە ئیشارە بە مێژووی خەباتی سەت ساڵە بە دژی ئیستبداد لە ئێراندا و بەشداریی کورد لە بڕگە جۆربەجۆرەکانی ئەو خەباتەدا گوتی کورد پێویستە مۆرکی خۆی لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئەمجارەش وەک بزورتنەوەی



خەڵک بدات.

لە بەشێکی تری بەرنامەی کۆنفرانسەکەدا بەڕێز جەعفەر تیکانتەپە وتاری پارتی سەربەخۆیی کوردستانی پێشکەش کرد دواتر پەیامی دوکتور داریوش نەویدی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

بەڕێز گوڵاڵە شەرەفکەندی یەکێکی تر لە وتاربێژانی کۆنفرانس بوو. لە وتارەکەیدا خاتوو شەڕەفکەندی وێڕای هەڵسەنگاندنی هەریەک لە بژارەکانی بەشداری یان بەشداری نەکردنی هەڵبژاردن، تایبەتمەندی‌یەکانی بزووتنەوەی ئیعترازیی ئێستای شی کردەوە. پاشان ناوبراو هۆکارەکانی پەیوەست نەبوونی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان بە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی ڕوون کردەوە و ئەو هۆکارانەی بە سەر سێ تەوەری گومان و دوودڵی سەبارەت بە پشتبەستن بە گەلانی دیکەی ئێران، زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنیەتی بە سەر کوردستان لە لایەن ڕێژیم و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان کورداندا دابەش کرد.

دواتر پرۆفیسۆر عەباس وەلی مامۆستای زانکۆی ئیستانبول و یەکێک لە ڕێکخەرانی کۆنفرانس باسێکی لە سەر هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران پێشکەش کرد . ئەو پێی وابوو کە بزوتنەوەی ئیعترازیی ئەمڕۆی ئێران هێشتا نەیتوانیوە شوناسی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە و بە تەواوی خەڵکی نەبووە، هەربۆیە ئەمڕۆ باشترین دەرفەتە کە کورد بەو جۆرەی بۆی دەگونجێ و توانایی هەیە، بە قازانجێتی کە بە جۆرێک شوێن لە سەر ئەو نارەزایەتیانە دابنێ و خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

بەشی کۆتایی ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس پانێلێک بوو کە بۆ وتارخوێنانی ئەم ڕۆژە تەرخان کرابوو کە تێیدا هەر یەک لە پرۆفیسۆر عەباس وەلی، دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، گوڵاڵە شەرەفکەندی و جەعفەر تیکانتەپە وڵامی پرسیار و تێبینیی ئامادە بووانیان دایەوە. ئەم بەشە بە سەرپەرەستیی هەر یەک لە بەڕێزان دوکتور خالید خەیاتی و دوکتور موعتەسەم تاتایی بەڕێوەچوو. لە کۆتایی دا کۆبەندی باسەکانی ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس لە لایەن دوکتور خالید خەیاتیەوە پێشکەش بە بەشداران کرا.

لە ڕۆژی دووهەمی کۆنفرانسدا چەند لایەن و کەسایەتیی دیکە وتار و پەیامی خۆیان پێشکەش کرد.

پاش پێشکەشکردنی وتار و پەیامەکان، سەرجەم وتارخوێنانی ئەو ڕۆژە لە پانێلێکدا بەشداریان کرد و وەڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانیان دایەوە.

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی نوامبری ٢٠٠٩ ،کۆنفڕانسی دوو ڕۆژەی "هەڵوێست و پێگەی کورد لە پرۆسە سیاسییەکانی ئێستای ئێران دا - گوتاری سیاسیی هاوبەش و دیالۆگی نێوخۆیی"، بە مەبەستی دیالۆگی نێوخۆیی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری ستۆکهۆڵم کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

لە کۆتایی کارەکاندا پرۆفیسۆر عەباسی وەڵی لە کورتە باسێک دا پوختەی پەیام و دەسکەوتەکانی کاری دوو ڕۆژەی سێمینارەکەی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە وتەکانیدا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە ئامانجی ئەوان لە پێکهێنانی ئەو سێمیناره ،کردنەوەی دەرگای باسێک بووە لە پێناوی پێکهێنانی کەشی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان ئەکتەرەکانی سەر شانۆی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

# بەرێوەچوونی کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە پرسی کورد لە مەجلیسی سێنای بلژیک



**ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان :**ڕۆژی سێ‌شەممە ١٧ی نوامبری ٢٠٠٩ کۆبوونەوەیەک بۆ پرسی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان بە بەشداریی چەند سێناتۆر و سیاسەتمەداری بلژیکی و کورد لە یەکێک لە سالۆنەکانی مەجلیسی سێنای بلژیک بەڕێوەچوو. بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە سێناتۆر لیۆنێل ڤاندێبێرگ وێڕای بەخێرهاتنی بەشداران هیوای خواست کە کورد بتوانێ بە ئازادی لە وڵاتی خویدا
بژیت و چیتر بۆ سەرەتاییترین مافەکانی خۆی نەچەوسێتەوە.

هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداری کرد و لە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد. هاوڕێ کاوە لە وتارەکەیدا وێرای ئاماژە بە بارودۆخی خراپی مافی مرۆڤ لە کوردستان، جەختی لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانە کردەوە و باسی لە ئێعدامی ئێحسان فەتاحیان کرد و هاوکات ئاماژەی بەوەش دا کە ١٢ چالاکوانی دیکەی کورد حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە و لە چاوەڕوانیی مەرگدان. لەم پیوەندییەدا داوای لە بەشداران کرد بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ئێعدامی ئەو کوردانە لە بەندیخانەکانی ئێراندا هەرچی لە دەستیان دێت، ئەنجامی بدەن. نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا لە درێژەی وتەکانیدا بە ئاماژە بە ڕۆڵ و پێگەی وڵاتی بلژیک لە یەکیەتیی ئوروپادا داوای کرد تا لە سەکۆی بروکسێلەوە و بە یارمەتیی سیاسەتمەدارانی بلژیکی، کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان ئاگادار بکرێنەوە و پێش بەو ئێعدامانە بگیرێن. لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری داوی لەبەشداران کرد کە دۆخی تازەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا زیاتر بخەنە بەر سرنج و هەر لەم پێوەندییەدا زیاتر لە هەمیشە گوشار بخرێتەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیسبەت کێشەی مافی مرۆڤ.

شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا سێناتۆر گەیرت لامبرت ( Geert Lambert)، سێناتۆر ئەلکە تیندەمانس(Elke Tindemans)، یان بگین(Jan Beghin) جێگری پێشووی سەرۆکی پارلمانی بروکسێل، ئاسیستەنی بارت ستاس(Bart Staes) ئەندامی پاڕلمانی ئورووپا، ئاسیستەنی فریدا برێپولس (Frida Brepoels) ئەندامی پاڕلمانی ئورووپا، نوێنەری پارتی سوسیالیستی بلژیک، نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان، ئەنیستیتۆی کورد لە بروکسێل، نوێنەری پارتی یەکێتی کورد لە سووریە، نوێنەری د. ت. پ و چەند کەسایەتی سیاسی دیکە بەشدار بوون.

# سەردانی هەیئەتێکی حیزب لە وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش

ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ ی خەزەڵوەڕ ( ١٦ی نوامبری ٢٠٠٩ ) هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بە هاوڕێیەتی گوڵاڵە شەڕەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات، دوکتۆر عەلی مازوچی بەرپرسی پەیوەندییە بیانییەکانی کۆمیتەی ئوتریش و قادر ڕەسوڵیان ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتە سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئوتریشیان کرد و لە لایەن دوکتۆر فریدریش شتیفت، بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزاڕەتی دەرەوەی وڵاتی ئوتریش پێشوازیان لێ کرا.

لەم دیدارە دا سەرەتادا بەڕێز مستەفا شڵماشی ئاماژەی بە دۆستایەتی و پەیوەندیی نیزیکی نێوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دەوڵەتی ئوتریش کرد کە سەردەمانێک ئەم دەوڵەتە بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جێگای هومێدو دۆستیکی دڵسۆز بووە. بەڵام تیرۆری دوکتۆر قاسملوو ئەگەر زەربەیەکی گەورەبۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بوو ، کارەساتێکی سیاسییش بوو بۆ دەوڵەتی ئوتریش. لەم پەیوەندیەدا هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش دۆستانە نەبوو و دڵساردیی کوردەکان لە دەوڵەتی ئوتریش بە گشتی و ناهومێدیی حدک بە تایبەتی لێ کەوتەوە. لە بەشێکی تری وتەکانیدا شڵماشی ئاماژەی بەوە دا کە وڵاتانی ئوروپایی گرینگیی زیاتریان داوە بە بەرژەوەندی ئابووری و پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتی ئێران تا دۆستایەتی لە گەڵ گەلی کورد. ڕاشیگەیاند کە بەرژەوەندییەکان نابێ ببنە هۆی چاوپۆشی لە پیشێلکرانی مافی مرۆڤ کە یەکێک لەوان تیرۆری دوکتۆر قاسملوویە. بە واتایەک ئەگەر دەوڵەتانی ئورووپایی و یەک لەوان ئوتریش ئەو هەڵویستەی ئەودەمیان نەگرتبایە، لەوانەبوو ئەمڕۆ مەسەلەی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد ئەو هەموو کێشەیەی بۆ خەڵکی جیهان و کوشت و بڕی زیاتری ئازادیخوازن لە ئێرانی دروست نەکردبایە..

دەوڵەتان دەبێ کۆمەک بکەن بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا، نابێ مەسەلەی چەکی ناوەکی تەنیا تەوەری گرینگی وتووێژەکان بێ. لە درێژەی وتەکانیدا بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب گوتی کە زۆربەی خەڵکی ئێران و بە تایبەت کوردەکان خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە ئێرانن و دەوڵەتانی ئورووپایی و یەک لەوان دەوڵەتی ئوتریش دەبێ سەرمایەگوزاری لە سەر ئایندەی ئێران و خەڵکی ئێران بکەن، نەک لە سەر ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران کە لە دوای هەڵبژاردنەکان دەرکەوت کەمترین پێگەی لە نێو خەڵکی ئێراندا هەیە. دواتر بە هێنانەگۆڕی باسی کەمپەینی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتۆر قاسملو، هەیئەتی حیزب ئاماژەی بە مەتنی کەمپین کرد و لیستی ئیمزاکان لە لایەن هەیئەتەوە بە ڕەسمی تەحویلی دوکتۆر شتیفت دران. خاتوو گوڵالە شەڕەفکەندی کە وەک یەکێک لە ڕێکخەرانی کەمپەین هاوڕێیەتی وەفدەکەی دەکرد، باسێکی لە سەر کەمپەین و چۆنیەتیی کار و هەوڵەکانی کۆمیتەی کەمپەینی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی دوکتور قاسملوو کرد و ئاماژەی بە ناوی ئەو کەسایەتییە ئورووپاییانە کرد کە پشتیوانیی خۆیان لەم کەمپینە دەربڕیوەو دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی کوردەکان بۆ داواکاریی وەگەڕخستەنەوەی پەروەندەکە. ڕێزدار شەرەفکەندی وەک نموونە ئاماژەی بە ناوی مادام میتران، لۆرد ئێوبێری، بێرنارد گرانژۆن، ئینگڤار کارڵسۆن، کۆنی فرێدریکسۆن و دەیان سەناتۆری بێلژیکی و کەسایەتیی بریتانیایی و فەرانسەیی و هتد کرد.

وێڕای ئەوەش شەرەفکەندی ئاماژەی بەم ڕاستیەش کرد، کە هیندێک کەس لە ترسی جاسووسانی دەوڵەتی ئێران تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش نەیانوێراوە ئیمزای خۆیان بخەنە ژێر ئەم داخوازیە.

لە درێژەی ئەم باسانە دا ئیشارە بەوەش کرا کە بە پێی سەرچاوەی باوڕپێکراو کۆماری ئیسلامی بۆ وەگەڕخستنەوەی ماشێنی تیرۆری جیابیران لە دەرەوەی وڵات هەنگاوی ناوتەوە. وێدەچی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک چۆن لە ناوخۆی وڵات دا جیابیران قەتڵ عام دەکات لە دەرەوەی وڵاتیش بیانخاتە ژێر فشار و بۆ لە بەینبردنیان هەوڵ بدات، بۆیە هەر هەڵوێستی پۆزەتیڤی دەوڵەتی ئوتریش لەمەڕ داخوازی ئەم کەمپەینە دەتوانێ دەوریکی کاریگەری هەبێت بۆ پێشگیری لە پیلان و پلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە جیابیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی.

هەیئەتی حیزب هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ڕۆژی ١٣ی جولای ئەم ساڵ لە بیستەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتۆر قاسملو نامەیەک لە لایەن ئەو کەسانەی لە بەردەرکی کۆمیسیۆنی ئورووپا لە بروکسێل کۆببوونەوە، تەسلیمی کۆمیسیۆن کرا کە لە کۆمیسیۆنی ئورووپا داوا کرابوو تا داوا لە دەوڵەتی ئوتریش بکات کە چیدیکە بەر بە وەگەڕکەوتنەوەی ئەم پەروەندیە نەگرێ.

هەیئەتی حیزب هەروەها ڕایگەیاند کە ئەوە وەک دووهەم هەنگاوە بۆ وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڕێگای ئەم دانیشتنە ڕەسمیە داوای کوردەکان ڕووبەڕووی دەوڵەتی ئوتریش دەکرێتەوەو کوردەکان چاوەڕوانی وەڵام یان هەنگاوی شیاو لە لایەن دەوڵەتی ئوتریش دەکەن، بەڵام ئەگەر دوای ماوەیەکی تر هیچ وڵامێک نەبێت، ئەو دەم حیزبی دێموکراتی کوردستان ناچار دەبێ لە هەنگاوی سێهەم دا شکایەتێک لە سەر دەوڵەتی ئوتریش لە دادگای مافی مرۆڤی ئورووپادا تۆمار بکات.



دواتر دوکتۆر شتیفت هێندێک پرسیاری لەمەر چۆنیەتی وەزعی کوردەکان لە دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆککۆماری لە ئێران ئاراستەی هەیئەتی حیزب کرد، کە لەم بارەوە بە چڕوپڕی باسی وەزعییەتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێراندا کرا و ئاماژە بە بارودۆخی نالەباری کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا کراو وەک بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر ئاماژە بە گۆڕینی حوکمی دەساڵ زیندانی ئیحسانی فەتاحییان لە دادگای پێداچوونەوە بۆ حوکمی ئیعدام کرا، لە کاتێکدا کە زۆربەی ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکانی مافی مرۆڤ داوای ڕاوەستانی ئەم حوکمەیان کرد بەڵام لە بەرچاوی تەواوی دنیا و بێ گوێ دان بە بایەخە نێونەتەوەییەکان، ئیحسانی فەتاحیانیان ئیعدام کرد. واوێدەچی کە ئەمە یەکەم هەنگاوی کۆماری ئیسلامییش نەبێت، چونکە هەر ئێستا لە چاڵڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا دەیان چالاکی مەدەنی و سیاسی هەن کە بە ئیعدام مەحکووم کراون و مەترسی ئەوەیان لە سەرە کە هەر ئیستا خەبەری ئیعدامیان بڵاو بێتەوە.لە مەڕ ئەم پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ هەیئەتی حدک لیستێکی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراون، تەحویلی لایەنی خانەخوێ درا کە لە چەند مانگی ڕابردودا ئەنجام دراون.

# تورکیه و پڕۆژەی کرانەوە به ڕووی کورددا

ئاوات

چەند ساڵ لەمەوبەر رەجەب تەییب ئەردۆگان سەرۆك وەزیری تورکیە لە سەردانی شاری دیاربەکردا بەرەوڕووی دەیان هەزار کوردو لەڕاستی دا بەرامبەر بە بیروڕای گشتیی هەموو تورکیەو هەموو جیهان بەڕاشکاوی و ئازایانە رایگەیاند کە لە تورکیە مەسەلەی کورد هەیە، ئەو مەسەلەیە مەسەلەی منە، ئەمن پابەندی چارەسەری ئەو مەسەلەیەم و بە رێگەی دێموکراسیش دا چارەسەری دەکەم. وتاری ئەردۆگان ئەگەرچی لەلایەن توندڕەوانی تورك وتەنانەت هێندێ لایەنی کوردیشەوە دژایەتیی دەگەڵ کرا، لەبەرچاوی زۆربەی دڵسۆزانی کوردو چاوەدێرانی سیاسی وەك سیاسەتێکی تازەو هەنگاوێکی ئازایانە بەرەو بەرەسمی ناسینی واقیعییەتەکانی کۆمەڵی تورکیە سەیرکرا.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا دەوڵەتی تورکیە کە لەلایەن حیزبی دادوگەشەپێدانەوە رێبەرایەتیی دەکرێ، سەرەڕای کەندو کۆسپ نانەوەی ناحەزانی دێموکراسی و مافە رەواکانی نەتەوەی کورد، نیشانی داوە کە لەسەر ئەو رەوتە بەردەوامەو چارەسەری گیروگرفتەکانی ئەو وڵاتە لە بەڕەسمی ناسینی جۆراوجۆریی کۆمەڵی تورکیە و داننان بە مافەکانی گرووپە ئیتنیکیەکانی وڵات، بە تایبەتی کوردەکان وا دەبینێ. لەو ماوەیەدا ئازاد کردنی ئاخافتن بە زمانی کوردی و کرانەوەی تەلەویزیۆنێکی کوردی و رێگەدان بە کرانەوەی تەلەویزیۆنی ئەسڵی بە زمانی کوردی و بە تایبەتی شکاندنی قەدەغەو قۆرغ لەسەر باسی کوردو کوردستان نیشانەیەك لە راستوێژیی کاربەدەستانی دەوڵەتی حیزبی دادوگەشەپێدان و سووربوونیان لەسەر درێژەدان و بە ئاکام گەیاندنی ئەو رەوتە بوون.



لووتکەی ئەو ئاڵوگۆڕانە پڕۆژەی کرانەوە بە رووی کورددایە کە لە نوامبری ئەمساڵ دا خرایە بەردەم پارلمانی تورکیە بۆ باس و نەزەر لە سەردان. لە کۆبوونەوەی رۆژی هەینی ٢٢ی خەزەڵوەری پارلمانی تورکیە دا کە بەڕێز ئەردوگان سەرۆك وەزیریش بەشدار بوو، نوێنەرانی موافیق و موخالیفی پرۆژەکە بە نۆرە قسەی خۆیان کرد. چاولێکردنی باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئاڵوگۆڕێکی هیوا بەخشی لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کورددا لێ بەدی دەکرا. بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەو نوێنەرانەی تا ئێستا موخالیفی دێموکراسی و کرانەوە بەرەوڕووی کورددانن کەمایەتییەکی زۆرکەمن و تەنانەت هەموو نوێنەرانی سەر بە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش نین. لەمەش گرینگتر ئەوە بوو کە ئاوڕیان لە واقعییەتەکانی ئەمڕۆی تورکیەو ئاڵوگۆڕەکانی جیهان دەدایەوە.

لە بەرامبەردا موافیقانی پرۆژەکە واقیعبینانەو بەگیانی سەردەمەوە بۆ باسەکان دەچوون و بە بەڵگەو سەنەدو بە بڕوایەکی پتەوەوە قسەیان دەکرد. بە جۆرێك کە موخالیفەکان توانای گوێگرتن لە باسەکانی ئەوانیان لە خۆیان دا نەدەدی و زۆرتر هەوڵیان دەدا بە دەخاڵەتی پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی پارلمان پێشی قسەکانیان بگرن.

نوێنەرانی حیزبی دادوگەشەپێدان لە وتارەکانی خۆیاندا نیشانیان دا کە بە راستی لە ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم تێ-گەیشتوون، بە گیانێکی دیکەوە سەیری کۆمەڵگەی تورکیە دەکەن و چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵات لە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان دا دەبینن. ئەوان لە باسەکانی خۆیان دا بە رێگەی مەنتیق دا وەڵامی موخالیفەکانیان دەدایەوە. بە حەق دەیان گوت چارەسەری مەسەلەی کوردو چارەسەری مەسەلەی تورکیەیەو تەنانەت یەکێکیان ئازایانە گوتی هەم ئەو سەربازانەی لە شەڕدا دەکوژرێن و هەم ئەوانەی دەیان کوژن برای ئێمەن. بۆ وەڵامدانەوەی بڕوبیانووی موخالیفەکان یەکێك لە نوێنەرانی موافیق بە راشکاوی گوتی کە قانوونی ئەساسی پێویستی بە دەسکاری هەیەو دەبێ بە جۆرێك بنووسرێتەوە کە وەڵامدەری هەلومەرجی ئەمڕۆی وڵات بێ.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەی پارلمان دا بەڕێز ئەردوگان چووە پشتی میکرۆفۆن و زۆر بە قایم بەرامبەر بە موخالیفانی پرۆژەکە قسەی کرد. ئەو بە روونی باسی جۆراوجۆریی کۆمەڵی تورکیەی کردو بەراشکاوی ناوی کوردو عەرەب و چەرکەس و لاوازەکانی هێناو گوتی تورکیە ئی هەموانەو دەبێ مافی هەموانی تێدا رەچاو بکرێ. هەروا بە بڕواوە گوتی ئێمە ئەم پڕۆژەیە بەپشتیوانیی خەڵکی تورکیە دەبەینە پێش و بە سەرکەوتنی دەگەیەنین. لە حاڵێکدا موخالیفەکان هەوڵیان دەدا بە هەراو هۆریا پێشی قسەکانی بگرن گوتی ئێمە چ بکەین؟ ئێوە چاوتان هەیە نابینن، گوێتان هەیە نابیستن و زمانتان هەیە راستی پێ ناڵێن. کار گەیشتە جێگەیەك کە موخالیفان توانای مانەوەیان نەماو کۆبوونەوەی پارلمانیان بە جێ هێشت کە بە خۆشییەوە کەمتر لە ٢٠٪ی نوێنەران بوون.

ئەو رەوتەی لە تورکیەو لەسەر دەستی حیزبی دادوگەشەپێدان دەستی پێ کردوە، رەوتێکی هیوا بەخشە کە بناخەکەی لەسەر تێگەیشتنی واقیعییەتی کۆمەڵ و باوەڕ بەچارەسەری دێموکراتیك دانراوە. هیواداریین ئەو تێگەیشتنە لەهەموو وڵاتانی کوردنشین سەر هەڵ بداو بە هەموو لا هەوڵ بدەین مەسەلەی لە مێژینەی کورد بە رێگەی دێموکراتیك دا چارەسەر بکەین. بە باوەڕی ئێمە ئەرکی هەموو تێکۆشەرانی کورد لە تورکیە و بەشەکانی کوردستانە کە پشتی ئەو رەوتە بگرن و هەڵوێستی دەوڵەتی ئەردوگان بەهێز بکەن. جێی خۆشحاڵییە کە حیزبی کۆمەڵگەی دێموکراتیك لە باکوور بە توندی لە پشتی ئەو پرۆژەیە راوەستاوەو رێبەرایەتیی سیاسیی کوردی باشووریش پشتیوانیی لێ دەکا.

ماوەتەوە ئەوە کە بڵێین راستە ئەوەی تا ئێستا لە پڕۆژەکەی ئەردوگان دا هاتوە هەموو مافە نەتەوایەتییەکانی کوردی تێدا نەگونجاوە، بەڵام با لە بیرمان نەچێ پاش دەیان ساڵ حاشا لە بوونی کورد لە تورکیە، ئەمە ئاڵوگۆڕێکی یەکجار گرینگ و یەکەم هەنگاوی گرینگ لە رێگەی دروستی چارەسەری مەسەلەی کورد دایەو لە مێژیشە گوتراوە "رێگەی هەزاران فەرسەخ بە هەنگاوێك دەست پێ دەکا".

**نوێنەرانی حیزبی دادوگەشەپێدان لە وتارەکانی خۆیاندا نیشانیان دا کە بە راستی لە ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم تێ-گەیشتوون، بە گیانێکی دیکەوە سەیری کۆمەڵگەی تورکیە دەکەن و چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵات لە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان دا دەبینن**

---

## وتاری دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە

# لە کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا

رۆژانی ٢٠ تا ٢٢ی خەزەڵوەر(١٢،١١و ١٣ی نوامبری ٢٠٠٩) کۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە بۆ باس لەسەر مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێك هاتبوو، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی "د. ئاسۆ حەسەنزادە"، بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب بەشدار بوون.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە نوێنەرانی وڵاتە جۆربەجۆرەکانو حیزب و لایەنە سیاسییەکان تێیدا بەشدار بوون، باڵوێزی ئێران بە توندی ناڕەزایەتیی خۆی بەرامبەر بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەربڕیو سەرجەم ئەو هەواڵانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە میدیاکان بڵاودەبێتەوە وەدرۆخستەوە کە دواتر هەموو ئەو ئیدیعایانە لە لایەن د. ئاسۆ حەسەنزادەوە وڵام درانەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا، د. ئاسۆ حەسەنزادە وتارێکی لەبارەی بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. دەقی وتارەکە بەم جۆرەبوو:

خانمی سەرۆک!

خانمی پسپۆڕی سەربەخۆ!

من لێرەدا سەبارەت بە کوردەکانی ئێران قسە دەکەم. بە باوەڕی من کاتێک لەژێر تەوەری ئەزموونی نێوخۆی وڵاتان و مێکانیزمە مەوجوودەکاندا، هەیئەتی رەسمیی دەوڵەتێک (کۆماری ئیسلامیی ئێران) لەجیاتی خستنە رووی لیستی ئەو هەنگاوە موسبەتانەی بۆ باشکردنی بەشداریی سیاسیی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەی هەڵیهێناوەتەوە، تەواوی کاتی قسەکردنی خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکا کە هێرش بکاتە سەر ئەوانەی وا هاتوون لێرە رەخنە لە هەڵسوکەوتی حکوومەت بگرن، ئەوە باشترین بەڵگەیە کە ئەو دەوڵەتە خاوەنی هیچ پراکتیکێکی موسبەت و شایانی باس لەبواری مامەڵە لەگەڵ کەمایەتییەکاندا نییە.

سەبارەت بە ئێران، دۆخەکە بە چەشنێکە کە ناچارین باسەکە بگەڕێنینەوە سەر پرسی پێشمەرجەکانی بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکان و پێویستە بەڕێز پسپۆڕی سەربەخۆ لە پێشدا لەو گۆشە نیگایەوە لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا هەنگاو هەڵێنێتەوە، چونکە مێکانیزمە موسبەتەکان بە تەواوی غایبن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پێشمەرجەکانی مافی بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکانیش، من لەو باوەڕەدام کە پێویستە ئەو پێشمەرجانە بە شێوەیەکی فراوان چاو لێ بکەین و تەنیا لە مافە سیاسییەکانیدا خولاسە نەکەینەوە.



بەپێی ئەو روانینە فراوانە من پێشمەرجەکانی مافی بەشداریی کاریگەری کەمایەتییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتیدا بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکەم:

پێش هەموو شتێک پێم وایە بەرەسمی ناسینی فرە چەشنی لە وڵاتدا بناخەیە. پێویستە حکوومەت چ بە فەرهەنگسازیی هەمە لاگیر و چ لە ئاستی نیهادیدا نەک تەنیا روانینێکی موسبەت لە جیاوازییە کەلتوورییەکان پەرە پێ بدا، بەڵکوو پێویستە هەم لە یاسادا و هەم لە کردەوەدا دەوڵەت بکاتە ماڵی هاوبەشی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی وڵات. بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رووی ئیدئۆلۆژیکەوە سێکتاریست و لەرووی سیاسییەوە تەبعیزگەران. ئەگەر ئاکامی راستەوخۆی ئەم بنەمایانە بێبەشکردنی سەرجەم هاونیشتمانان لە دەرەتانی تەمرینی واقعیی بەشداریی دێموکراتیکە، بۆ خەڵکی سەر بە میللییەتەکانی ئێران سزاکە قورستریشە. دەقیقەن لەبەر جیاوازیی نەتەوایەتی و بە هۆی ویست و خەباتی مێژوویییان بۆ گەیشتن بە ئازادی، کوردەکانی ئێران بە تەواوی کەوتوونە پەراوێزی پرۆسەی بڕیاری سیاسی. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی بەڕەسمی ناسینی کەمایەتییەکانیش، جیا لە هێندێک ئیشارەی بێئاکام بە کەمایەتییەکان لە یاسای بنەڕەتیدا، هیچ چەشنە دانپێدانانێکی دروست و کاریگەر بەدی ناکرێ. سەرەڕای هێندێک ژێستی رۆخی، لە راستیدا ناسنامەی کوردەکان لە ئێران لەلایەن سیستم و کاربەدەستانەوە لە باشترین حاڵەتدا وەک فۆلکلۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

پاشان، هەر لەپێوەندی لەگەڵ پێشمەرجەکاندا، پێویستە باسی مافی هاووڵاتی بکەین. راستە کوردەکانی ئێران ئەو کۆسپانەیان ناخرێتە سەر ڕێ کە کوردەکانی سوریە لە پێوەندی لەگەڵ هەبوونی تەبەعییەتی وڵاتەکەیاندا تووشی دەبن. بەڵام کوردەکانی ئێران بە هۆی ئەوە کە لە سەرجەم بوارەکاندا کەوتوونە بەر تەبعیزی نەهادینە کراو، لە کردەوەدا هاووڵاتیی پلە دوو و بگرە پلە سێن.

سەرەنجام تەبیعەتەن دەبێ ئیشارە بەو مافە سیاسییانەی مرۆڤ بکرێ کە پێوەندیی راستەوخۆیان بە مافی بەشداریی سیاسییەوە هەیە، بەتایبەتی مافی ڕا دەربڕین و مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵەکان. خانمی سەرۆک، ئەگەر ئیلهام لە ئەدەبیاتی حقووقیی دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ شکایەتی کوردەکانی تورکیە وەرگرین، مافی ڕا دەربڕین لە کۆنتێکستی کەمایەتییەکاندا دەبێ بەو جۆرە تەفسیر بکرێتەوە کە ئەندامانی ئەو کەمایەتییانە هەقی خۆیانە تەبلیغ بۆ ستروکتورێکی دەستووری و قەوارەیەکی سیاسی بکەن کە دەرەتانی راستەقینەی بەشداریی تایبەتی کەمایەتییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتیدا پێک دێنێت. کەچی ئەمڕۆ ئێمە لە ئێران بە دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنیی وەک کەماڵ شەریفیمان هەیە کە بە تاوانی لایەنگریی ئاشکرا لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیان حوکمی دوور و درێژی زیندان لە خراپترین دۆخیاندا بەسەر داسەپاوە. سەبارەت بە کۆڕ و کۆمەڵەکانیش دۆخەکە بە هەمان شێوەیە. رێژیم هیچ حیزبێکی بەڕاستی موخالف تەحەممول ناکا و سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر خاکی خۆیان راو نراون. بۆ رێکخراوە مەدەنییەکانیش دۆخەکە باشتر نیە، چونکە رێبەرانیان هەمیشە لەژێر تەعقیب و سەرکوتدان کە نموونەی وان محەممەد سەدیق کەبودوەند سەرۆکی زیندانی کراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە.

کۆماری ئیسلامی هەر لەو کاتەدا کە هەر چەشنە دەرفەتێکی دیالۆگ و فەزای ئاوەڵا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی بەشداریی سیاسیی میللییەت و کەمایەتییەکانیدا بەستوە، کەشێکی تەواو ئەمنییەتیشی بەسەر کوردستاندا سەپاندوە و کوردستانی میلیتاریزە کردووە. ئامانجی تەواوەتیی ئەرزیی خاکی ئێران و ئەمنییەتی میللی بۆتە بیانوویەکی لە دەستان خۆش بۆ ئەو رێژیمە هەتا ناو بە ناو بەمەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵک بەتایبەتی لە فەزای ئیعترازیی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا جیابیران ئیعدام بکا. هەر ئێستا ١٣ کەس لە چالاکانی کورد لە ئێران بە ئیعدام مەحکووم کراون و هەمووی بیست و چوار سەعات نابێ ئیحسان فەتاحیان، تەمەن ٢٧ ساڵە، لە زیندانی سنە ئیعدام کراوە.

سپاستان دەکەم.

# ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨، یادێك لە ڕووداوێكی گرنگ

قادر وریا

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە كە خومەینی لە فەرمانێك دا، شەڕی لە دژی خەڵكی مافخوازی كوردستان ڕاگەیاند، هەتا ٢٦ی خەزەڵوەری هەر ئەو ساڵە، بە شەڕی ٣ مانگە ناوی دەركردوە. ئەم شەڕە ٣ مانگەیە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵكی كوردستان دا جێگای تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەگەر ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، بەبۆنەی ڕاگەیەندرانی شەڕێكی ڕەسمیی هەموو لایەنە لە دژی كورد لە لایەن خومەینی بناغە دانەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، وەك ڕۆژێكی شووم لە مێژووی خەباتی خەڵكی كوردستان دا تۆمار كراوە، لە بەرامبەر دا ٢٦ی خەزەڵوەری هەمان ساڵ، وەك ڕۆژی سەركەوتنی خەبات و خۆڕاگریی گەلی كورد، چۆتە نێو لاپەڕەكانی مێژووەوە. چونكە هەر ئەم خومەینی‌یەی ٣ مانگ پێشتر، هەموو هێزە چەكدارەكانی ڕێژیمی تازەو لایەنگرانی ئەو ڕێژیمەی بۆ لەشكركێشی بۆ سەر كوردستان و سەركوتی داواكارانی ئازادی و مافی نەتەوەیی دەنگ دابوو، لە ٢٦ی خەزەڵوەردا، ناچار بوو بە ڕاوێژێكی ئاشتیخوازانەوە ڕوو بكاتەوە خەڵكی كوردستان و لە پەیامێك دا، قسەكانی پێشووی بە جۆرێك وەربگرێتەوەو بڵێ بەدخوازان ئەمنیان خراپ تێگەیاندبوو. ئێوە لەسەر حەقن و دەوڵەت دەبێ گرفتەكانتان چارەسەر بكا!

**بەداخەوە هەوڵەكان بۆ ئەوەی پرسی كوردستان بە دیالۆگ و بە ڕێگای ئاشتی دا چارەسەر بكرێن، بێ ئاكام مایەوە. زاڵبوونی عەقڵییەتی شەڕخوازانەو بیری ئینكاری فرە نەتەوە بوونی ئێران و بەردەوامیی ئیرادەی زۆرداری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ئەم دەرفەتەی بۆ چارەسەری پرسی كورد هاتبووە پێش، لە باربرد**

حیزبی دێموكراتی كوردستان و گەلی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان كە شەڕێكی ناڕەواو نابەرامبەریان بەسەردا سەپابوو و، لە دەرفەتێك دەگەڕان بۆ ئەوەی كێشەی كوردستان بە ڕێگای ئاشتیخوازانەدا چارەسەر بكرێ، ئەم هەلەیان قۆستەوە. دوكتور قاسملوو، سكرتێری گشتیی حیزب لە میتینگێكی گەورەدا كە لە شاری مەهاباد بە دوای ئەم پەیامەی خومەینی‌دا بەڕێوەچوو، "لبیك"ی بە پەیامی ئاشتیخوازانەی خومەینی گوت و خۆشحاڵیی حیزبی دێموكرات و گەلی كوردو ئامادەیی ئەوانی بۆ چارەسەری پرسی كوردستان بە ڕێگای وتووێژو هێمنانەدا ڕاگەیاند.

ئێستا كە پاش ٣٠ ساڵ ئاوڕ لەم ڕۆژە دەدەینەوە، جێی خۆیەتی هەڵوەستەیەك لەسەر گرنگیی پەیامەكەی خومەینی و ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لە مێژووی خەبات و خۆڕاگریی حەقخوازانەی خەڵكی كوردستان دا بكەین.

ئەم گۆڕانەی لە هەڵوێست و ڕاوێژی خومەینی دا بەرامبەر بە خەڵكی كوردستان و داواكانیان پێك هاتبوو، ئەگەر بۆ ڕێبەریی ئەو ڕێژیمەو لایەنە شەڕخوازەكانی نێودەسەڵاتی تازە، پاشەكشەو شكست بوو، بۆ خەڵكی كوردستان و هێزە خەباتگێڕەكانی، بەرەو پێشچوون و سەركەوتن بوو. لە ماوەی ٣ مانگ شەڕی داسەپاو دا، خەڵكی كوردستان ئەگەرچی شاهیدی



كۆمەڵێك كارەساتی دڵتەزێنی وەك قەلاچۆی خەڵكی قاڕنێ، ئیعدامی پۆلپۆل لە ڕۆڵەكانیان بە دەستی خەلخالی، حاكمی شەرعی ڕێژیم و نێردراوی خومەینی بۆ كوردستان، ئاوارەبوونی دانیشتووانی شارو گوندەكان و وێرانی وماڵوێرانی بە بۆنەی ئەم شەڕەوە بوون، بەڵام تەسلیمی ڕێژیمی تازە نەبوون. ئەوان سەرەڕای داسەپانی كوتوپڕی شەڕەكە، نەبوونی دەرفەت بۆ ڕێكخستنی خۆڕاگرییەكی ڕێكوپێك و بە بەرنامەو، وێڕای نەبوونی ئەزموونی شەڕو بەرەنگاری بەرامبەر بە لەشكركێشی‌یەكی بەربڵاوی زەمینی و پەلاماری هەوایی، بە دڵنیابوون لە بە حەقبوونی داواكانیان، بە دژی شەڕی داسەپاو وەستانەوە. ئەو خۆڕاگرییە حەماسییەی خەڵك لە نێو شارەكان و، هێزی پێشمەرگە لە دەرەوەی شارەكان بەرامبەر لەشكری پەلاماردەر نواندیان، خومەینی و بەڕێوەبەرانی دیكەی ڕێژیمی تازەیان تێگەیاند كە لەبارەی كوردستانەوە

بە هەڵەچوون و لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەلی كورددا، سەریان وەبەردی ڕەق كەوتەوە. ئەگەر لە سەرەتای شەڕەكەدا حیزبی دێموكرات و ڕێكخراوەكانی دیكە بۆ پێشگیری لە وێرانیی زیاتر، شارەكانیان بەجێ دەهێشت و بە ڕواڵەت ئەرتەش و هێزە چەكدارەكانی ڕێژیم سەركەوتنی یەك بەدوای یەكیان لە گرتنەوەی شارەكان دا بەدەست دەهێنا، دواتر وەرەق وەڕسووڕایەوە و، ئەو هێزانەی ڕێژیم نەك هەر نەیانتوانی كوردستان كۆنترۆڵ بكەن، بەڵكوو تەنانەت لەنێو شارەكانیش دا، پێگەو بنكەكانی خۆیان بۆ نەدەپارێزراو شایەدی شكست بە دوای شكست دا بوون. بەم جۆرە ئیرادەی خۆڕاگری و بڕوا بە حەقانییەتی داواكانی گەلی كورد لە ئاكامی یەكگرتوویی و هاودڵیی خەڵكی كوردستان دا، لەم قۆناغەدا بەسەر دەسەڵاتدارانی شەڕخوازو شەڕفرۆش دا سەركەوت.

بە دوای بڵاو بوونەوەی پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی دا، هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسی كوردستان بە ڕێگای دیالۆگ دا دەستی پێكرد. دەوڵەتی كاتیی خوالێخۆشبوو مەهدی بازرگان، هەیئەتێك لە وەزیرەكانی خۆی بۆ سەردانی كوردستان و وتووێژ لەگەڵ ڕێكخراوە سیاسییەكان و نوێنەرانی چین و توێژە جیاوازەكانی خەڵك دیاری كرد كە ڕەوانشاد داریووش فرووهەر یەك لەوان بوو. لە كوردستانیش دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی كورد (هیأت نمایندگی خلق كرد) بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی پێك هات. حیزبی دێموكرات كە لەم هەیئەتە دا لەلایەن دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملووە نوێنەرایەتی دەكرا، نەخشی وتەبێژی هەبوو.

دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی كورد یەكەم ئەزموونی هاوكاریی نێوان ڕێكخراوە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوو و، بەرهەمی ئەم عەقڵییەتە دروستە بوو كە لە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دا پێویستە ڕێكخراوە سیاسییەكان یەكگرتوو و هاودەنگ بن و ڕێژیم نەتوانێ لە پرژوبڵاوی و كەلێنی نێوان ئەوان بە قازانجی خۆی و بە زیانی بزووتنەوەی خەڵكی كوردستان كەڵك وەربگرێ. قۆناغی شەڕی ٣ مانگە بێجگە لە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، ئەزموونی بەشداریی خەڵكی كوردستان لە یەكەم هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی ( كە دواتر ناوی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی لە سەردانرا)یشی تێدا بوو. ئەم قۆناغە بۆ ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستان هەروەها دەرفەتێك بوو بۆ خۆڕێكخستنەوەو، بۆ ناساندنی ئامانج و بەرنامەو سیاسەتەكانیان بە خەڵك و، گەیاندنی دەنگی خۆیان بە چاپەمەنی و كۆڕو كۆمەڵەو ڕێكخراوە سیاسی و ڕوناكبیرییەكانی ئێران.

لە بارەی وتووێژەكانی كوردو دەوڵەتی ناوەندی دوای شەڕی ٣ مانگەوە، دەبێ بگوترێ بەداخەوە ئەم وتووێژانە هیچیان لێ شین نەبۆوە. ئەمە بە جێگای خۆی كە وەزیرە دیاریكراوەكانی دەوڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ خەڵكی كوردستان، شتێكی ڕوون و دیاریكراویان بۆ چارەسەری پرسی كوردستان پێ نەبوو، هەر لە جێدا ئەوان و دەوڵەتی بازرگان لەم پێوەندییە داو لە زۆر بواری دیكەش دا، بڕیاردەری ئەسڵی نەبوون. بڕیاردەر خومەینی و كۆمەڵێك ناوەندی دیكە بوون كە نیازی وەڵامدانەوە بە داخوازییەكانی خەڵكی كوردستان و چارەسەری پرسی كوردستان بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتیخوازانەیان نەبوو. ڕووداوەكانی ئەم دەورەیە و دواتر دەریانخست كە خومەینی و هاوبیرانی، نیازیان بە دەست هێنانی كات بۆ خۆ ئامادە كردن و ڕێكخستنەوەی هێزەكانیان بە مەبەستی دەست پێكردنەوەی شەڕ لە هەلومەرجێكی باشتر دابوو. جموجۆڵی نیزامیی ڕێژیم لە كوردستان و، تەبلیغاتی ڕادیوو تەلەویزیۆن لەم ماوەیەدا، خۆبواردنی ڕێژیم لە قبووڵی ئاكامەكانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس لە كوردستان و، بێ‌وەڵام هێشتنەوەی نامە سەرئاوالاكان و گەلالە جۆراوجۆرەكان بە مەبەستی چارەسەری داخوازەكانی خەڵكی كوردستان، هەموویان سەلمێنەری ناپاكیی نیازی خومەینی و هاوبیرانی لە بارەی خەڵكی كوردستانەوە بوون.

شەڕێك كە لە ٢٨ی گەلاوێژ لە دژی خەڵكی كوردستانەوە دەستی پێ كردبوو بە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی تووشی وەستان ببوو، لە بەهاری ١٣٥٩وە دەستی پێكردەوە. بەداخەوە هەوڵەكان بۆ ئەوەی پرسی كوردستان بە دیالۆگ و بە ڕێگای ئاشتی دا چارەسەر بكرێن، بێ ئاكام مایەوە. زاڵبوونی عەقڵییەتی شەڕخوازانەو بیری ئینكاری فرە نەتەوە بوونی ئێران و بەردەوامیی ئیرادەی زۆرداری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ئەم دەرفەتەی بۆ چارەسەری پرسی كورد هاتبووە پێش، لە باربرد. لەم سۆنگەیەوە جارێكی دیكە گیان و ماڵی خەڵكی كوردستان و سامانی مادی و مەعنەویی خەڵكی ئێران لە ڕەوتی شەڕی داسەپاو بەسەر گەلی كورددا بوونەوە بە قوربانی. بەڵام ئەم سیاسەتە، دەكرێ بڵێین بێجگەلە بەدناوی، دەسكەوتێكی ئەوتۆی بۆ خومەینی و میراتگرانی بە دواوە نەبووە. چونكە گەلی كورد سەرەڕای هەموو نەهامەتی و قوربانیدانێك كە لەم ٣٠ ساڵە دا بە سەریدا سەپاوە لێبڕاوتر لەو كاتەی خومەینی فەرمانی شەڕی ڕاگەیاند، داوای ماف و ئازادییەكانی دەكا و لەسەر دژایەتیی ئەم ڕێژیمە شێلگیرە. ئەمەش سەرنەكەوتن و بە فیڕۆچوونی ئەو هەوڵانە دەگەیەنێ كە كۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی گرتنەپێشی سیاسەتی سەركوتی گەلی كورددا، بە كاری هێنان.

---

# خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆڵی ژنانی ئێران لە بزووتنەوەی سەوزدا

سمایل شەرەفی

پێش ئەوەی باس لە بابەتی ئەسڵیی ئەم وتارە(خوێندنەوەیەك بۆ بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە بزووتنەوەی سەوز)و ڕادەی بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنەكانی خولی دەیەمی سەرۆكۆماری ئێراندا بكەم، بە پێویستی دەزانم كورتە ئاوڕێك لە بارودۆخی ژنان لە چوار ساڵەی دەسەڵاتدارێتیی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دا بدەمەوە كە لەوانەیە لەم ڕێگەیەوە هۆكارەكانی حزووری بەرچاوی ژنان لە هەڵبژاردنەكان و ئەم ٥مانگەی بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەمان بۆ دەربكەوێ.

كاتێك كە ئەحمەدینژاد لە دەورانی پڕوپاگەندەكانی دا بۆ بەدەستەوە گرتنی پۆستی سەركۆماری لە وەڵامی هەواڵنێران دا كە لێیان پرسی ڕوانینی بۆ ماف و حوقووقی ژنان چۆنە، لە وەڵامێكی گاڵتەجاڕانە دا وتی:"ژنان تاجی سەری پیاوانن"، بە ڕوونی دیار بوو كە هیچ باوەڕێك بە ژن و ماف و ئازادییەكانی لە گۆڕێ دا نیە.

٤ساڵی یەكەمی دەسەڵاتدارێتیی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دەریخست كە لەم ماوەیە دا نە تەنیا هەنگاوێك بە قازانجی ماف و ئازادییەكانی ژنان هەڵنەهێنرایەوە بەڵكو ئۆرگان و ناوەندە سەركوتكەرەكانی ڕێژیم هەر لە پارلمانەوە بگرە تا گرووپەكانی گەشتی ئیرشاد بەردەوام هەوڵیان دا زیاتر لە جاران ژنان سنووردار بكەنەوەو ژن تەنیا لە سووچی ماڵ و ئاشپەزخانە دا پێناسە بكەن.

هەر سێ مانگ دوای دەستبەكاربوونی دەوڵەتی یەكەمی ئەحمەدینژاد مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە پەسندكردنی گەلاڵەی كەمكردنەوەی سەعاتی كاری ژنان و دابەزاندنی ڕادەی كاری ژنان بۆ خوارتر لە ١٤٪، سەلماندی كە دژ بەدەركەوتنی ژنان لە بازاڕی كارو سەربەخۆبوونی ئەم توێژە لە ڕووی ئابوورییەوەیە. ئەوە لە كاتێك دایە كە ٦٤٪ی ئەوانەی ڕێیان دەكەوێتە زانكۆكان و ناوەندە ئاكادیمییەكان لە ژنان و كچانی ئەم وڵاتە پێك دێن.

بزووتنەوەی ژنانی مافخوازو یەكسانیخوازی ئێران كە توانیبووی لانی كەم لەماوەی ٨ساڵەی دەوڵەتی خاتەمی دا چەند هەنگاوێك بەرەو پێش بچێ و وێڕای بوونی زۆرێك لە بەربەستەكان ، ڕێوڕەسمەكانی پێوەندیداری وەك ڕۆژی جیهانیی ژنان(٨ی مارس) بەڕێوە ببا و كۆڕوكۆبوونەوەی تایبەت پێك بێنن بەڵام بە هاتنە سەركاری ئەحمەدینژاد، هێزە سەركوتكەرەكانی ڕێژیم بە دەستئاوەڵاییەكی زیاترەوە لەم بۆنانەدا هێرشیان كردە سەر ژنانی ئازادیخوازو لەماوەی ئەو ٤ساڵە دا بە دەیان ژنی چالاك و یەكسانیخواز ڕەوانەی گرتووخانەكان كران.

سازكردنی گرووپەكانی گەشتی ئیرشاد بە مەبەستی كۆنتڕۆڵ كردنی هاتوچۆی ژنان لە شەقام و شوێنە گشتی‌یەكان، هێرش بۆسەر ژنانی تێكۆشەرو یەكسانیخواز لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شۆڕشی مەشرووتە لە ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوودا، گرتن و زیندانی كردنی زیاتر لە ٤٠ كەس لە



ل ٨

# گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان و ئاکامەکانی

مەسعوود رەواندوست

رۆژی سێشەممە ١٩ی خەزەڵوەر مەجلیسی ئێران گەڵاڵەیەکی لە ژێر ناوی "گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان" دوای مشتومڕێکی زۆر پەسند کرد کە لە بەفرانباری ٨٧ دا بۆ یەکەمجار لە لایەن دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژادەوە درایە مەجلیس. بە پێی ئەم گەڵاڵە پەسندکراوە، یارانە یان سوبسیدی دەوڵەت بۆ کڕینی بێنزین، گاز، گازۆئیل و برق دەبڕێ و، بەکارهێنەران دەبێ ئەم پێداویستییانە بە نرخی تەواوبوویان لە بازاڕەکانی کەنداوی فارس بکڕن. لە بەرامبەردا دەوڵەت بەڵێنی داوە دوای نەهێشتنی یارانەکان بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی گران بوونی ئەم شتانە یارانەکان بە شێوەی نەقدی لە نێو بنەماڵەکان‌دا دابەش بکا.

گەڵاڵەی لابردنی یارانە یا سوبسیدەکان کە بە گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان ناسراوە و بە رواڵەت گەڵاڵەیەکی ئابوورییە و دەوڵەت بە وتەی خۆی بۆ نەهێشتنی کەلێنی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە و دابەشکردنی دادپەروەرانەی یارانەکان لە نێو توێژە نەدارەکانی کۆمەڵگادا پێشکەشی کردوە، کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران زۆر لەوە زیاترە کە کارناسانی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد باسی لێدەکەن. لە راستی‌دا بەڕێوەچوونی ئەم گەڵاڵەیە زۆر ئاکامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت کولتووریی هەیە کە لەسەر ژیانی خەڵکی ئێران و تەنانەت دەوڵەت بێ کاریگەری نین. هەر بۆیە بە پرۆژەیەکی زۆر هەستیارو مەترسیدار دەزانرێ کە ئاکامی زۆر جیددی و هەستیاری لێ‌دەکەوێتەوە.

لە کاتی پێشکەش کرانی ئەم گەڵاڵەیە بە مەجلیسەوە هەتا پەسندکرانی لە لایەن نوێنەرانی مەجلیسی هەشتەمەوە لە رۆژی ١٩ ی خەزەڵوەردا زۆر کارناس و پسپۆڕ بە پشتیوانی و لە دژایەتی لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیەدا قسەیان کردوە و لایەنە چاك و خراپەکانیان لەسەر ژیانی خەڵك و ئابووری و پیشەسازیی ئێران خستۆتە بەر باس. ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی زانستی و بە

**دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە ئاکامی دزی و گەندەڵی و سیاسەتە ئابوورییە غەڵەتەکانی‌دا تووشی کەسری بودجە و قەیرانێکی کەم وێنە بۆتەوە کە بەڕێوەچوونی ئەم گەڵاڵەیە و داهاتە ٢٠ میلیاردییەکەی دەتوانێ بەشێك لەو کەسری بودجەیەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە**

پێوەرە ئابووری و کۆمەڵناسانەکان لایەنەکانی ئەم گەڵاڵەیە لێك بدەینەوە باسەکە ئەوەندە درێژ دەبێتەوە کە لەوانەیە لە وتارێکی لەم چەشنەدا نەگونجێ، هەر بۆیە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی خێرا تیشك بخەینە سەر هێندێك لایەنی گرینگی گەڵاڵەکە و ئامانجی سەرەکی و هۆکاری گوشارەکانی دەوڵەت بۆ پەسندکرانی ئەم گەڵاڵەیە شی بکەینەوە.

مەبەست لە سوبسید یا ئەو شتەی لە ئێران پێی دەڵێن یارانە، جیاوازیی نرخی خستنەڕووی کاڵا یان خزمەتگوزارییەك لەگەڵ نرخی راستەقینەیەتی کە ئەو جیاوازییە لە لایەن دەوڵەت و بۆ راگرتنی نرخەکان لە ئاستی توانای توێژە کەم داهاتەکان، دابین دەکرێ. بۆ وێنە ئەگەر نرخی کاڵایەك لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان‌دا ١٠٠ دۆلار بێ و دەوڵەت ئەو کاڵایە لە بازاڕی نێوخۆیی‌دا بە ٤٠ دۆلار بدا بە خەڵك ئەو جیاوازییە واتە ٦٠ دۆلارەکە یارانەیە کە دەوڵەت دابینی دەکا. مەسەلەی بوونی یارانەکان لە ئێران و پێویستیی زیاتر لە ٧٥ لەسەدی خەڵکی ئێران واتە چینی مامناوەندی و خوارتر بە یارانەکان بۆ سیستمی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێتەوە کە رێژیم بە ئابووریی ئیسلامیی ناودەبا کە لە راستی‌دا کۆپییەکی سەقەتی ئابووریی ناسەرکەوتووی کۆمۆنیستی‌یە. لە کۆماری ئیسلامی‌دا ئابووری و پیشەسازیی قورس و بەشی کشتوکاڵ و بانکداری و زۆر بەشی دیکە بووە بە دەوڵەتی و ئەوە بۆتە هۆی بەسترانەوەی هەرچی زیاتری داهاتی بەشێکی بەرچاوی خەڵك بە تایبەت توێژی کەم داهات و هەژار و هەروەها کارمەندانی دەوڵەت بە دەوڵەت و یارمەتییە دەوڵەتییەکان کە لە چوارچێوەی سیستمی کۆپێن و هەروەها یارانەکان‌دا خۆ دەبێنێتەوە. ئێستا کە دوای رووخانی بەرەی کۆمۆنیستی و هەرەسهێنانی ئابووریی کۆمۆنیستی، بەشێکی زۆر لە وڵاتان و تەنانەت وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی پێشوو لە سەرکەوتووتر بوونی ئابووریی بازاڕی ئازاد گەیشتوون و روویان لەو شێوازە کردوە، رێژیمی تارانیش هەوڵ دەدا لەو سیستمە ئابوورییە نزیك بێتەوە و ئاستی بازاڕەکانی نێوخۆ بگەیەنێتە ئاستی بازاڕە نێونەتەوەییەکان. ئەم کارەشی بە بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵات و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری و پیشەسازی‌دا و ئەسپاردنیان بە کەرتی تایبەت و لەم دواییەش‌دا لابردنی سوبسیدەکان لەسەر سووتەمەنی و برق و کاڵا ئەساسییەکان و گەیاندنیان بە نرخی راستەقینەیان دەست پێکردوە. ئەم کارە لە چەند ساڵ لەمەوبەر و لە سەردەمی دەوڵەتی رەفسەنجانییەوە دەستی پێکردوە و بەرەبەرە دەوڵەت هەوڵی‌داوە بوار بۆ گەیشتن بەو قۆناغە برەخسێنی. بەڵام ئەم رەوتە لە سەردەمی ئەحمەی‌نژاد و کابینە نیزامی و ناشارەزاکەی‌دا وەك هەموو پرۆژە غەڵەت و نازانستییەکانی دیکەی ئەم دەوڵەتە کەوتۆتە قۆناغێکی سەیر و نائاساییەوە. گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان نوێنگەی هەرە بەرچاوی ئەم دۆخەیە. چونکە ئەو دەوڵەتانە و بە تایبەت دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە حاڵێك‌دا هەوڵ دەدەن یارانەکان نەهێڵن و ئاستی ئابووری و نرخەکان بگەیەننە ئاستی جیهانی کە لانیکەمی پێش مەرجی ئەو کارەیان جێبەجێ نەکردوە کە گەیاندنی ئاستی داهاتی سەرانەی خەڵکی ئێران بە ئاستی پێویستە.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە رواڵەت دەیهەوێ ئەم رەوتە درێژە بدا کە لە سەرەوە باسی لێکرا و ئەم گەڵاڵەیەش لەم پێناوە دایە. بەڵام بە لێوردبوونەوە لە ئابووری و دۆخی ژیان و ئاستی داهاتی زۆربەی خەڵکی ئێران کە دەسکەوتی سیاسەتە غەڵەتەکانی رێژیم و بە تایبەت لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاد دایە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم گەڵاڵەیە لە چەند لایەنەوە لەنگە. جگە لە چەندین هەڵەی تەکنیکی و وەبەرچاونەگرتنی چارەنووسی هەژاران و کەم داهاتەکان، نیازپاکیی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد و ئامانجەکانی پێداگری لەسەر پەسندکران و بەڕێوەچوونی هەرچی زووتری ئەم گەڵاڵەیە دەکەوێتە ژێر پرسیار.

هەر لە سەرەتاوە دەبینین کە ئەم گەڵاڵەیە لە باری حوقووقییەوە چەندین کێشەی هەیە و لە راستی‌دا ئەم گەڵاڵەیە کە لە لایەن بەناو نوێنەرانی خەڵکی ئێرانەوە پەسندکراوە بە پێی یاسا و ئاییننامەکانی نێوخۆی مەجلیس وەك گەڵاڵە کێشەی هەیە. چونکە بە پێی ئاییننامەی نێوخۆیی مەجلیس، گەڵاڵە پێناسەیەکی تایبەتی هەیە و ئەم گەڵاڵەیەش کە پەسندکراوە چەندین بابەتی زۆر گرنگی وەك بردنە سەری نرخی سووتەمەنی و ئاو و برق و چاکسازیی یاسای ماڵیات و یاسای کار و زۆر شتی دیکە لەخۆ دەگرێ کە بە پێی پێناسەی گەڵاڵە هەر کام لەم بابەتانە خۆیان گەڵاڵەیەکن و پێویستیان بە باسی کارناسانە و پەسندکرانی جیاواز هەیە. کەچی نوێنەرانی دڵسۆزی خەڵك! لە مەجلیس بە لەژێر پێ نانی ئەو یاسا و ئاییننامانە هەمووی ئەم باسە گرنگانەیان بە دەنگێکی بەڵێ و بۆ رازی کردنی ئەحمەدی‌نژاد و دەوڵەتەکەی پەسند کرد کە لە راستی‌دا بایەخ و گرنگیی یاسامان لە ماڵی میللەتەوە بگرە هەتا بەڕێوەبەری و دەزگای دادوەری لە سیستمی ویلایەتی فەقیهی‌دا وەبیر دێنێتەوە!.

ئەگەر واز لە کێشە حوقووقییەکانی ئەم گەڵاڵەیە بێنین کە زۆر لەوە زیاترن، دەبینین کە ئاکامە ئابوورییەکانی کە بە رواڵەت ئامانجی سەرەکیی دەوڵەت لەم گەڵاڵەیەن، راست پێچەوانەی پێشبینی یان بۆچوونەکانی راوێژکارانی ئەحمەدی نژادن. زۆربەی شارەزایان و ئابووریزانانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە لابردنی لە نەکاوی ئەو ئاستە لە سوبسیدەکان و دانی پووڵی نەقد بە خەڵك یان بە واتایەکی دیکە رژاندنی ئەو برە پووڵە لە بازاڕ ئاکامەکەی تەنیا چوونەسەری رێژەی ئاوسانی ئابووری و گرانیی لە رادەبەدەرە. واتە رادەی ئاوسان لە ئاست ئەو برە پووڵەی دەردرێ بە خەڵك زۆر زیاترە و لە راستی‌دا ئەو برە پووڵە قەرەبووی چارەکێکی ئەم ئاوسان و گرانییەش ناکاتەوە کە لێی دەکەوێتەوە. لێرەدا روون و ئاشکرایە کە ئەوەی زیاترین زیانی بەردەکەوێ توێژی هەژار و کەم داهاتی ئێرانە و ئاوسان و گرانی بۆ چینی دەوڵەمەند نەك هەر گوشارێك



دروست ناکا بەڵکوو لە زۆر رووەوە بە قازانجیشیان تەواو دەبێ و بەجۆرێك داهاتیان دەباتە سەر.

بە بەڕێوەچوونی ئەم گەڵاڵەیە و گران کردنی نەوت و گاز و بێنزین و برق هەتا ئاستی نرخەکان لە کەنداوی فارس واتە نرخی فرۆشی نەوتی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکان، بە شێوەیەکی ئۆتوماتێك نرخی هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانی خەڵك بە رادەیەکی یەکجار زۆر بەرز دەبێتەوە. بە گوێرەی لێکدانەوە و پێش بینییەکانی کارناسان، ئاوسانێکی ئابووریی ٦٠ لەسەدی دروست دەکا کە قورسایی باری گرانییەکەی ئەوەندە زۆرە کە یارمەتیی نەغدی دەوڵەت لە بەرامبەری‌دا شتێکی زۆر کەم و بێ بایەخە. لە ئاکامی ئەو دۆخەدا هەژاران هەژارتر دەبن و رادەی هەژاری و نەداری لە ئێران‌دا ئەوەندەی دیکە پەرەدەستێنی و چاولەدەستکردنی خەڵك بەو یارمەتییە کەمەی دەوڵەت تەنیا سواڵکەر پەروەری پەرەپێ دەدا. لە لایەکی دیکەوە ئەو نەداری و دۆخە نالەبارە دەبێتە هۆی بەرزتر بوونەوەی ئاستی تاوان و جینایەت و دزی لە وڵاتدا و بە کردەوە چینی مامناوەندی لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگا نزیك دەکاتەوە و بەرەبەرە ئەو چینە دەتوێنێتەوە. بەجۆرێك کە تەنیا دوو چینی هەژار و دەوڵەمەند بە کەلێنێکی زۆر قووڵ لە نێوانیادا دەمێنێتەوە کە لە راستی‌دا ئاکامێکی کۆمەڵایەتی کولتووریی زۆر نالەبارە.

دیارە لە ماوەی باس و وتووێژەکان لەسەر گەڵاڵەکە لە مەجلیس دا ئەو نیگەرانییە بۆ راوێژکارانی ئەحمەی‌نژاد دروست بوو کە لەوانەیە لەم نێوەدا بەشێك لە لایەنگران و پشتیوانانی دەوڵەت لە چینی هەژار بە هۆی گوشاری لە رادەبەدەر پشت لە دەوڵەت بکەن و بکەونە بەرەی دژی دەوڵەت. هەر بۆیە یەکێك لە داواکانی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد ئەوە بوو کە داهاتی لابردنی یارانەکان نەچێتەوە سەر بودجەی ساڵانەی وڵات و بخرێتە سندووقێکی تایبەت و دەسەڵاتی چۆنیەتیی بەکارهێنان و خەرج کردنی ئەم پووڵەش بە دەستی دەوڵەت بێ. بەڵام ئەم داوایە سەرەتا دژایەتی لەگەڵ کرا و بووە هۆی ترس و نیگەرانیی ئەحمەدی نژاد و راوێژکارەکانی. هەر بۆیە رۆژی ١٢ی خەزەڵوەر مەحموود ئەحمەدی‌نژاد بێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو چووە مەجلیس و بە شێوەیەکی تێکەڵ بە سووکایەتی هەڕەشەی وەرگرتنەوەی ئەو گەڵاڵەی کرد کە چەندین مانگ بوو مەجلیس بە تێچوویەکی زۆر و چەندین کۆمیسیۆنی کارناسی کاری لەسەر کردبوو. لە ئاکامدا دوای قووڵتر بوونەوەی رواڵەتیی کێشەکە و هەڕەشەی ئەحمەدی‌نژاد و سازانی پشتی پەردە مەجلیس بە گۆڕینی رواڵەتیی بەندێکی گەڵاڵەکە تەسلیمی ئیرادەی دەوڵەت بوو و بە پێچەوانەی پرەنسیپی جیایی دەسەڵاتەکان ئەو جارەش دەوڵەت و دەسەڵات مەجلیسیان ناچار بە مل راکێشان بۆ خواستەکانیان کرد و دەسەڵاتی خەرج کردنی داهاتی ئەم گەڵاڵەیە کەوتە دەستی دەوڵەت.

لە لایەکی دیکەوە هەروەك گوترا داهاتی ئەم پرۆژەیە واتە گران بوونی سووتەمەنی و برق یا گەڕانەوەی پووڵی یارانەکان کەوتە دەستی دەوڵەت و ئەو داهاتە زورە کە بە ٢٠ هەزار میلیارد تمەن مەزەندە دەکرێ بەر دەوڵەت دەکەوێ و لە ئاکام‌دا قەبارەی دەوڵەت ئەوەندەی دیکەش گەورەتر دەکاتەوە کە پێچەوانەی ئەسلی ٤٤ ە کە دەڵێ دەبێ قەبارەی دەوڵەت کەم بکرێتەوە و کەرتی تایبەت پەرەبستێنێ.

دەبینین دەوڵەت لە حاڵێك‌دا دەیهەوێ بە لابردنی یارانەکان و راستەقینەکردنی نرخەکانی سووتەمەنی و برق ئابووریی ئێران بەرەو ئابووریی بازاڕی ئازاد بەرێ کە هیچ کام لە مەرجەکانی ئابووریی ئازاد لە ئابووریی بەڵا لێدراوی ئێران‌دا دابین نەکراوە و دەوڵەت خۆی لەو راستییە گێل کردوە کە پێویستە بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری و داهات و پیشەسازی لە دەستی سپای پاسداران و بنیاتەکانی سەر بە خامنەیی و دەسەڵات دەربێنێ و بیدا بە کەرتی تایبەت و دواتر داهاتی هەر تاکێکی ئێرانی بگەیەنێتە ئاستێك کە توانای دابین کردنی نرخی نەوت و گاز و بێنزین و برقی بە نرخی کەنداوی فارس هەبێ ئەوجار یارانەکان لابەرێ و هەنگاوی کۆتایی بەرەو ئابووریی بازاڕی ئازاد هەڵێنێتەوە. ئەگینا هەتا سەروەت و سامانی وڵات و رەگی حەیاتی ئابووریی ئێران لە دەستی سپا و خامنەیی و بنیاتەکانی سەر بەوان‌دا بێ و هەتا داهاتی خەڵکی ئێران و کارمەندانی ئێران بە ریاڵی ئێران بێ ناتوانن بە دۆلاری ئامریکایی پێداویستییەکانیان دابین بکەن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ کە سەرەڕای هەمووی ئەم هۆشدار و هاوارانەی ئابووریزانان و پسپۆران و دڵسۆزانی وڵات لە نێوخۆ و دەرەوە، تۆ بڵێی تیمی ئابووریی ئەحمەدی نژاد و راوێژکارە سپاییەکانی ئەوەندە نەزان و بێ ئاگا بن کە نەزانن ئاکامەکانی ئەم گەڵاڵەیە بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت بۆ دەوڵەتیش چەندە مەترسیدار و هەستیارە؟!

بە لێکدانەوەی هەموو ئەو شتانەی باسیان لێکرا و زۆر راستیی دیکە لەم پێوەندییەدا وڵامی ئەم پرسیارە کە لە راستی‌دا مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارەیە روون دەبێتەوە.

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەحمەدی‌نژاد و راوێژکارەکانی هەمووی ئەو رەخنە و پێشنیار و هاوارانەیان بیستوە و باش دەزانن ئەو هاوارانە بۆ چین و ئاکامی کارەکەی خۆیان چییە. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئەو شتەی ئەوان بە بەرژەوەندیی دەزانن و کاری بۆ دەکەن ئەو شتە نیە کە کارناسان و دڵسۆزانی خەڵکی ئێران بە بەرژەوەندیی دەزانن، بە واتایەکی‌تر ئەو بەرژەوەندییەی ئەوان بیری لێدەکەنەوە ئەو بەرژەوەندییە نیە کە دڵسۆزان بۆ گەلانی ئێرانیان دەوێ. ئەحمەدی‌نژاد و کابینەکەی لە بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە چەند ئامانجی سیاسی و ئەمنییەتییان هەیە کە ئاکامەکەی تەنیا مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتەکەیانە.

دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە ئاکامی دزی و گەندەڵی و سیاسەتە ئابوورییە غەڵەتەکانی‌دا تووشی کەسری بودجە و قەیرانێکی کەم وێنە بۆتەوە کە بەڕێوەچوونی ئەم گەڵاڵەیە و داهاتە ٢٠ میلیاردییەکەی دەتوانێ بەشێك لەو کەسری بودجەیەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد و لە راستی‌دا سپای پاسداران بە بەڕێوەبردنی ئەو گەڵاڵەیە و ئاکامە رووخێنەرە ئابوورییەکانی هەموو رکەبەرەکانی خۆی لە مەیدان وەدەر دەنێ و بە پاوانکردنی هەموو سەرچاوەکانی داهات و ئابووری بڕست لە هەموو دژبەران و رکەبەرانی دەبڕێ. ئەوەی لە هەمووی ئەوانە بۆ دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد گرنگترە ئەوەیە کە لە ئاکامی ئەو گەڵاڵەیەدا چینی مامناوەندی کە بە هۆی سەربەخۆ بوونی لە دەوڵەت و یارمەتییەکانی هەمیشە بەهێزترین پتانسیێل بووە لە گۆڕینی دەسەڵاتەکان‌دا، ئەوەندە لاواز دەبێ کە ئیتر نەتوانێ ببێتە کۆسپی سەر رێی زێدەخوازی و پاوانکارییەکانی دیکتاتۆریی نیزامی ئیسلامی. دەوڵەت دەیهەوێ بە بە دەستەوە گرتنی تەواوی دەسەڵاتی داهاتی یارانەکان و دان یان نەدانی بە هەر کەسێك کە خۆی پێی‌خۆش بوو، خەڵکی ئێران کە هەمیشە خۆبژێوی و دەست رەنگینییەکەی یەکێك لە شانازییەکانی لە نێو وڵاتانی ناوچە بووە بکاتە مووچەخۆر و چاو لە دەستی خۆی و لە راستی‌دا سیستمێکی وەك حیزبی بەعسی سەدامی گۆڕبەگۆڕ دروست بکا کە هەر کەس سەر بە حیزبەکەی بوو بێ کار و ماندووبوون مووچەی بداتێ و ئەوەی سەر بە حیزبەکەی نەبوو لە برسانی بکوژێ، بێ ئەوەی بیریان لە چارەنووسی سەدام و سەدامەکان کردبێتەوە کە داخوا چەندیان توانی لە سایەی ئەم سیستم و سیاسەتەدا بحەسێنەوە و درێژە بە دەسەڵاتەکەیان بدەن.

# پرۆژەی کرانەوە بە رووی کورد داو مەبەست و هۆیەکانی

مستەفا مەعرووفی

رۆژی هەینی ٢٢ی خەزەڵوەر کۆبوونەوەیەك لە پارڵمانی تورکیە بۆ باس لەسەر پرۆژەیەك بە ناوی "کرانەوە بەرووی کورد دا" بە بەشداریی ئەندامانی پارڵمان، سەرۆکی وەزیران و ژمارەیەك لە سەرۆکی حیزبە سیاسییەکان بەڕێوە چوو. ئەوەی گرنگیی زیاتری بە هاتنە گۆڕی مەسەلەی کورد لە پارلمانی تورکیە دا قسەکانی سەرۆك وەزیر رەجەب تەییب ئەردۆغان بوو. ئەردۆغان وێڕای رەخنە لە سیاسەتەکانی رابردووی دەوڵەتەکانی پێشوو لە بارەی کوردانەوە بەوپەڕی ئازایەتییەوە دیفاعی لە "پرۆژەی کرانەوە بە رووی کورد دا" کرد.

ئەردۆغان قامکی لەسەر زۆر لە مافەکانی نەتەوەی کورد وەك خوێندن بە زمانی زگماکی، مەسەلە فەرهەنگییەکان، گەشەسەندنی ئابووری و ئەمنییەت لە ناوچەی کوردستان دانا کە دەیان ساڵە بە توندی پیشێل دەکرێن و هەر باس کردنیشیان قەدەغە بوو. دیارە ئەردۆغان و حیزبەکەی حیزبی دادو گەشەپێدان لەم دواییانە دا هێندێك



هەنگاوی گرنگی دیکەشیان لە بارەی مەسەلەی کورد هاویشتوە کە گەلێك هیواو هومێدیان بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی کورد پێك هێناوە.

**مەستی تورکیە لە پرۆژەکە**

سیاسەتی واقیعبینانەی ئاغای ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی لە بارەی کردنەوی دەرگاکان بە رووی کورد دا چەند مەبەستی تێدا بەدی دەکرێ: یەکەم، چارەسەری مەسەلەی کورد لە رێگای ئاشتییەوە یارمەتی بە وەدیهاتنی ئاواتی لە مێژینەی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئۆرووپا دەدا. چونکە سەرکوتی کوردان و بارودۆخی نالەباری کورد لەم وڵاتە دا هەمیشە یەکێك لە کۆسپەکانی سەررێگەی وەدیهاتنی ئەو ئاواتەی تورکیە بووە. ئۆرووپایییەکان بەردەوام ئاماژەیان بە پێشێلکرانی مافە نەتەوایەتی و مرۆڤایەتییەکانی کوردان لە تورکیە کردوە و ئەمەیان بە گرنگترین کۆسپی سەررێگەی وەرگیرانی تورکیە لە یەکیەتیی ئۆرووپا دا زانیوە.

دووەم، یەکێك لە هۆیەکانی زۆر گەشەنەکردنی ئابووریی تورکیە شەڕو نائارامی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بووە کە لەلایەك بەهۆی شەڕ ئەم ناوچانە دوا کەوتوون و لەلایەکی دیکەش سەرکوت و میلیتاریزە کردنی ئەم ناوچانە خەرجێکی زۆریان خستۆتە سەرشانی دەوڵەت. خەسلەتی شەڕ ئەوەیە کە لەلایەك پێش بە هەرچەشنە گەشەکردنێك و پێشکەوتنێك دەگرێ و لەلایەکی دیکەش تواناو ئیمکاناتی مەوجوود سەرفی خۆی دەکا. بۆیە شەڕی نێوخۆیی تورکیە لەگەڵ کوردان جگە لەوەی کە رەوتی پەرەگرتن و پێشکەوتنی ئابووریی ئەم وڵاتەی خاو کردوە خەرجێکی زۆریشی خستۆتە سەرشانی ئەم وڵاتە و گەلێك تواناو ئینێرژیی سەرفی خۆی کردوە.

سێیەم، سیستمی سیاسیی تورکیە سیستمێکی ئیدئۆلۆژی و تاك حیزبی نیە و لەسەر بنەمای پلۆرالیزمی سیاسی دەچێتە پێش. حیزبەکان لە رەقەبەرایەتی و ململانێی سیاسی دان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا ئیئتیلاف لەگەڵ کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان دا لەوانەیە رۆڵی چارەنووسسازی هەبێ، بە تایبەتی لە تورکیە کە کورد خاوەنی حەشیمەتێکی چەندین میلیۆن کەسییە. پەرەپێدانی نفووزی حیزبی دادو گەشەپێدان لە نێو پێکهاتە جیاجیاکانی ئەم وڵاتە دا بە تایبەتی کورد بە حەشیمەتێکی ١٥، ٢٠ میلیۆن کەسییەوە کە لە ١٨ ئوستانی ئەم وڵاتە دا نیشتەجێن دەکرێ مەستێکی دیکەی ئەردۆغان و حیزبەکەی بێ.

چوارەم ، دەیان ساڵ شەڕو سەرکوتی کوردان و قووڵبوونەوەی هەستی دوژمنایەتی لە نێوان دوو پێکهاتەی سەرەکیی ئەم وڵاتە دا واتە تورك و کورد کەلێنێکی گەورەی خستۆتە نێو کۆمەڵگەی تورکیە بە گشتی. هەرچەند لە رووی نەخشەی سیاسی دا وڵاتێکی یەکپارچە و خاوەن سنوورە بەڵام لە نێوخۆ دا لە راستی دا دوولەت و دوو پارچەیە. ئەو مەسەلەیەش لە رووی ئاسایشی میللییەوە بە هیچ جۆر بە قازانجی ئەم وڵاتە نیە. سەرکەوتن و بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیە دەتوانی کۆتایی بە شەڕ و خوێنڕێژیی دەیان ساڵەی نێوخۆیی بێنێ و ئاساییش و ئەمنییەت باڵ بەسەر وڵات دا بکێشێ و یارمەتی بە پڕ بوونەوەی کەلێن و بۆشایی نێوان دوو نەتەوەی سەرەکیی ئەم وڵاتە بکا کە لە ماوەی دەیان ساڵ دا پێك هاتوە.

**کۆسپەکانی سەررێگەی پرۆژەکە**

ئەگەری سەرکەوتن و سەرگرتنی ئەم پرۆژەیە لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە زۆرە، چونکە لە لایەن سەرۆك وەزیران و حیزبێکەوە هاتۆتە گۆڕێ کە ئەم ساڵ زۆرینەی دەنگەکانی بۆ پارڵمانی ئەو وڵاتە بەدەست هێناو پشتیوانیی زۆرینەی خەڵکی تورکیەی لە پشتە. بەڵام لەگەل ئەمەش دا هێندێك کۆسپی لەسەر رێگەن: ئەرتەش کە ئەرکی سەرکوتی هێزە سیاسییەکانی کوردی لەسەر شانە لە رابردووش دا کۆسپی هەرە گەورەی سەررێگەی هاتنە بەر باسی مەسەلەی کورد بووە. هەرچەند وا دیارە ئەرتەش دەورو رۆڵی جارانی لە کارو باری سیاسی دا نەماوە، بەڵام ئێستاش وەك کۆسپێك ناکرێ وەبەرچاو نەگیرێ. پاشان حیزبی موحافیزەکاری وەك پارتی مللیی تورکیە بە رێبەرایەتیی دەوڵەت باغچەلی لێبڕاوانە موخالیفی ئەم پرۆژەیەن. ئەوان ژمارەیەك نوێنەریان لە پارلمان دا هەیە و نوێنەرایەتیی بەشێك لە کۆمەڵگەی تورك دەکەن. ئەگەر نەشتوانن رێگەی پرۆژەکە بگۆڕن، دەتوانن کەندو کلۆی بخەنە سەر رێ. ئەوان هەر لە یەکەم دژکردەوە دا نوێنەرەکانیان کۆبوونەوەی پارڵمانیان بە نیشانەی ئیعتراز بەجێ هێشت.


**ئاکام**

نابێ لەبیرمان بچێ ئەم هەنگاوە گرنگە لە لایەك لە ئازایەتی و واقعبینیی ئاغای ئەردۆغان و حیزبەکەیەوە و لەلایەکی دیکەشەوە لە خەبات و فیداکاریی رۆڵەکانی کورد لە ماوەی دەیان ساڵ خوێن و قوربانیدانەوە سەرچاوە دەگرێ.

بە لەبەرچاوگرتنی رابردووی خوێناوی و خەماویی کوردان لە تورکیە ئەم هەنگاوەی بەڕێز ئەرۆغان و دەوڵەتەکەی و زۆرینەی پارڵمان هەنگاوێکی زۆر گرنگ و موسبەتن. بەڵام بۆ چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی کورد هێشتا رێگەیەکی دوورودرێژی لەپێشە. هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیە لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردو هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەرامبەر بەو پرۆژەیە دەتوانێ لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پرۆژەکە دا رۆڵی بەرچاویان هەبێ. لە داهاتوو دا بەبێ بەشداریی هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی کورد مەسەلەی کورد چارەسەر نابێ، چونکە ئەوان نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی کورد دەکەن و ناکرێ وەبەرچاو نەگیرێن. نموونەی مێژوویی ئەم مەسەلەیە راگەیاندنی یەك لایەنەی خودموختاریی کوردستانی عێراق لە ١٩٧٤ زایینی دا لەلایەن دەوڵەتی ئەم وڵاتەوە بوو کە بە هیچ جۆر مەسەلەی کوردی چارەسەر نەکرد. لە لایەکی دیکەش هەڵوێستی ئەو هێزە سیاسیانە بەرامبەر بەم پرۆژەیەیە کە دەتوانێ کاریگەریی موسبەت یان مەنفی لە سەر پرۆژەکە دابنێ.

**سەرکەوتن و بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیە دەتوانی کۆتایی بە شەڕ و خوێنڕێژیی دەیان ساڵەی نێوخۆیی بێنێ و ئاسایش و ئەمنییەت باڵ بەسەر وڵات دا بکێشێ و یارمەتی بە پڕ بوونەوەی کەلێن و بۆشایی نێوان دوو نەتەوەی سەرەکیی ئەم وڵاتە بکا کە لە ماوەی دەیان ساڵ دا پێك هاتوە**

## وەئەستۆ گرتنی پەروەندەی کۆمەڵکوژی قارنێ و قەڵاتان لە لایەن د. ساڵح نیکبەختەوە



دوکتوور ساڵحی نیکبەخت، پارێزەر و چالاکی مافی مرۆڤ،ئامادەیی خۆی بۆ وەرگرتنی پارێزەریی دۆسیەی کۆمەڵکوژیی گوندەکانی قاڕنێ و قەڵاتان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە دادگا دا دەربڕی.

دوکتور نیکبەخت لە وتووێژێکدا لەگەڵ رادیۆ کوردانە، ئاوڕێکی لە چۆنیەتی رووداوی ئەو جینایەت و کۆمەڵکوژییە داوەتەوە و ئاواتی ئەوەی خواستوە کە هیچ نەبێ ئەو دۆسیە بۆ تۆمار کردن لە مێژوودا بچێتە بەردەم

دوکتور نیکبەخت لە وتەکانیدا ئاماژەی بە بێتاوانیی و بێدیفاعیی قوربانییانی ئەو رووداوە کردوە و رایگەیاندوە کە بە پێی لێکۆڵینەوەکان "حاجی عەزیم مەعبودی" بەرپرسی کۆمیتەی دووهەمی نەغەدە کە پێشتر سەر بە ساواک بوە، رۆڵی سەرەکیی لەو کۆمەڵکوژیەدا هەبوە. ناوبراو هەروەها درێژەی داوە کە ئەوە بەو مانایە نیە کە "مەلا حەسەنی" ئیمام جومعەی ورمێ و سەرلەشکر "زەهیر نەژاد" فەرماندەی لەشکری ٦٤، لە تاوانی کوشتاری ٦٨ کەس لە رۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ دا رۆڵیان نەبووبێ.

نیکبەخت لە کۆتایی وتویژەکەدا جارێکی دیکە داکۆکی لە پێویستیی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژی قارنێ و قەڵاتان کردۆتەوە و پێیوایە کە ئەگەر لەو تاوانە نەکۆڵدرێتەوە، ئەگەری دووپاتبوونەوەی وەها رووداوێک لە ئارادا دەبێ، هەربۆیەش ئامادەیی خۆی بۆ وەئەستۆگرتنی داکۆکی و پارێزەریی ئەو پەروەندەیە دەربڕیوە ئەگەر بێتوو بنەماڵە و خوێنگرانی ئەو شەهیدانە ئەو داوایەی لێ بکەن.

## گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە نێو شاری سنە دۆزرایەوە



بە پێی راپۆرتی گرووپێک لە چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران واوێدەچێ کە ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە تەرمی کوژراوەکانی راپەڕینی ٣ ی رەشەمەی ساڵی ٧٧ ی لە خۆیەوە گرتبێ. راپۆرتەکانی کومیتەی دۆزینەوەی راستییەکانی کوردستانی ئەو گرووپە لە چالاکانی مافی مرۆڤ ئەوە ئاشکرا دەکەن کە لە رەوتی سەرکوتی خۆپیشاندانە هێمنانەکەی ٣ ی رەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ ی هەتاویی شاری سنە، رێژیم تەرمی ٧٨ شەهیدی کوژراوی ئەو رووداوەی بۆ نەخۆشخانەی پادگانی لەشکەری ٢٨ ی پیادەی سنە راگواست. پاشان دوای تێپەڕینی ١٥ رۆژ تەرمی ئەو کوژراوانەی بۆ زەوییەکانی نیشتەجی کردنی ژێر بەرپرسیارەتیی "مەرکەزی

بوزورگی ئیسلامیی غەربی وڵات" گواستەوەو دوای ناشتنی ٧ کەسی و ٨ کەسی ئەو شەهیدانە لە چەند قوڵکەیەک دا بە سیمان و بێتون سەریانی پڕ کردەوە و دوایە بینایەکی سەر بە ئیدارەی گشتیی زیندانەکانی پارێزگای سنەی لە سەر ساز کردن.

نوێنەری ئەو گرووپە چالاکەی مافی مرۆڤ رایگەیاندوە کە بەو زووانە بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی ئەو رووداوە، شوێنی دەقیقی بیناکە و کۆمەڵێک لە کەلوپەلی وەک سەعات و کیفی کوژراوانی ئەو رووداوە بۆ لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون رادەستی رێکخراوە حقووقییە نێونەتەوەییەکان دەکا.

شایانی باسە کە ٣ ساڵ لەوە پیش و لە کاتی نۆژەنکردنەوەی چەند بەشێکی نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنە دا کۆمەڵە ئێسقانێکی مرۆڤ دۆزرانەوە کە ئاماژەی بە بوونی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لەو شوێنانە دەکرد کە دەسبەجێ بە ئامادەبوونی دەزگا ئەمنییەتییەکانی رێژیم بەر لە درێژەی ئەو خاکبەردارییە گیرا و هەڕەشەی ئەوەش لەو کرێکارەکانە کرا کە لە ئەگەری باسکردن و گێڕانەوەی ئەو رووداوە گیانیان وە مەترسی دەکەوێ.

ئەو گرووپە لە چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان پێیان وایە کە ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی دەوروبەری نەخۆشخانەی تەوحید لەوانەیە شوێنی ناشتنی شەهیدانی خەباتی چەکداریی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەی ٦٠ ی هەتاوی دابێ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە هەواڵی دۆزینەوەی ئەو کۆڕە بە کۆمەڵە چەند رۆژ دوای لە سێدارەدانی ئێحسان فەتاحیان. لاوی ٢٧ ساڵەی کورد کارتێکەریی زۆری لە سەر خەڵکی کوردستان بە تایبەت شاری سنە داناوە


# هەژاندنی چەند مژارێك و تێڕامان لە سەریان

باران رۆژهەڵات

### ئیعدامی زیندانیانی سیاسیی کوردو بێهەڵوێستیی بزووتنەوەی سەوز

لە ٢٠ی خەزەڵوەری ئەمسال چالاکی سیاسیی بەندکراوی کورد ئیحسان فەتاحیان لە گرتووخانەی سنە لە سێدارە درا. ئەوەکە بۆ کوردی رۆژهەڵات جیگای پرسیارە ئەوەیە کە ئەو جوولانەوەیە کە لە دۆخی ئێستای ئێراندا بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە چ دژ کردەوەو هەڵوێستێکی لە بارەی ئەو جینایەتە نیشان داوە. ئایا ئەو جوولانەوەیە تەنیا جوولانەوەیەکە کە لە نێو نەتەوەی باڵادەست واتە فارس دا قەتیس ماوەتەوە یان نەتەوەی کورد نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئەکتیڤ تێیدا بەشدار بێ و سەرنجی خەڵکی مافخوازی غەیرە کورد بە لای نەهامەتی‌یەکانی خۆیدا رابکێشێ؟ پرسیارێکی گرینگ بەردەوام رووبەرووی کوردی رۆژهەڵات دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە حەشیمەتێك کە تەنیا ١٠٪ حەشیمەتی گشتیی ئێران لە خۆ دەگرێ، چۆن دەتوانێ حەقانییەتی داوا سیاسی و کولتوورییەکانی بۆ باقیی خەڵکی وڵاتی ئێران بسەلمێنێ و پشتیوانیی ئەوان بە لای بزووتنەوە ئازادیخوازانەکەی دا رابکێشێ؟ پێدەچێ ئێستاش کوردی رۆژهەڵات لە روانگەی زۆرینەی نەتەوەی باڵادەست و تەنانەت ئازەرییەکانیشەوە هەروەکوو کۆمەڵە خەڵکێکی جودابیخوازو تیرۆریست سەیر بکرێ و کوشتنی ئەو جۆرە کەسانە بە لایانەوە شتێکی ئاسایی بێ. بێدەنگیی وتەبێژانی بزووتنەوەی سەوز لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات لە ئاست ئەم جینایەت و پێشێلکارییانە رەنگە دروستیی ئەو لێکدانەوەیە بسەلمێنێ. وادیارە ئەقەلییەت و سایکۆلۆژیی نەتەوەی باڵادەست لە رەشاییەوە بگرە تاکوو دەگاتە رووناکبیرە دێموکراتەکانیان لەهەمبەر نەتەوەی کورد نەگۆڕ بێ...













### "مەرگ بر خامنەای" جێگای "مرگ بر دیکتاتور"ی گرتەوە

دەگوترێ دیکتاتۆرەکان پاش رووخانی دەسەڵاتەکەیان بەو دەرئەنجامە دەگەن کە خەڵکی وڵات لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیاندا وەکوو دیکتاتۆر سەیریان کردوون! بەڵام خامنەیی رێبەری رێژیم ئەو شانسەی هەبووە لە ١٣ی خەزەڵوەردا لە رێگای سەتەلایتی ناو ماڵەکەیەوە ئەو دیمەنانەی ببینێ کە خەڵك بەسەر وێنەکەیدا تێدەپەڕن و درووشمی "مرگ بر خامنەای" دەدەن. دیکتاتۆری دیاردەیەکە کە لە هەر کون و قوژبنێکدا دەرەتانی بیچم گرتن و سەرهەڵدانی هەیە وەك بنەماڵە، کۆمەڵگە، حیزب، رێکخراوو دەسەڵاتی سیاسیی وڵات و... هەرکام لە ئێمە ئیستعدادی بوون بە دیکتاتۆرمان لە ناخدا هەیە، بەڵام لەوانەیە بوارمان بۆ نەرەخسێ کە ببین بە دیکتاتۆر! ئاغای خامنەیی لە ئێرانی ئەمرۆدا ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساوە لە سەرەکیترین ئاستدا واتە رێبەریی ئێراندا، ئەو غەریزەیەی بخاتە گەڕو لە ئاکامدا لە شاشەی TVدا وێنەی خۆی ببینێ کە لەژێر پێی خەڵکی وڵاتدا کەوتووەو رێزی نەماوە. دیکتاتۆرەکان پیرۆزییەکی تایبەت بە خۆیان دەبەخشن، بەڵام ئەگەر ئەو پیرۆزییە درۆیینە لە لایەن خەڵکەوە گومانێکی چووکەی لێ بکرێ، لە داهاتوودا نەك رێزی ئینسانی بەڵکوو گیانیشیان لە دەست دەدەن. بەسەرهاتی سەدام سەڵمێنەری ئەو ئیدعایەیە...

### تورکیە کێشەی کوردو کێشەی پ‌ك‌ك بە جیاواز دەزانێ!

رەجەب تەیب ئەردوغان سەرۆك وەزیرانی تورکیە لە وتارێکدا لە پارلمانی تورکیە رایگەیاند کە کێشەی کورد جیاوازە لە کێشەی تیرۆر (مەبەست pkk)! ناوبراو ئەگەرچی لە لایەن پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناو پارلمان رووبەرووی هێرش بۆتەوەو گوشارێکی زۆر لەسەر خۆی و پارتەکەی هەیە، بەڵام لە باس کردنی کێشەی کوردو موخاتەبەکانی وەك PKK, DTP خۆی بواردو باسی لە هێندێك مافی سەرەتایی کرد کە ناکرێ وەکوو پرۆژەی چارەسەریی کێشەی کورد ناودێر بکرێ. گەراندنەوەی ناوی "تونجلی" بۆ "دێرسیم" و ئازاد بوونی خوێندنی زمانی کوردی لە دەرەوەی خوێندنگە دەولەتییەکان کێشەی کورد چارەسەر ناکا. هەڵبەت سیاسەت بە رەش و سپی نازانین، بەڵام هەڵخەڵەتاندنی بیرورای گشتی شتێکەو چارەسەری شتێکی دیکەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بانگەشەی ئەوە دەکا کە لە ئێراندا کێشەی کوردی چارەسەر کردوەو کاتی خۆی هەبوونی گۆڤارەکانی سروەو ئاوێنەو کەناڵی ئاسمانیی سەحەری بۆ ئیسپاتی ئەو ئیدعایەی دەهێنایە گۆرێ، بەڵام ئایا لە راستیدا کێشەی کورد لە ئێراندا وەك ئەوە کە رێژیم بانگەشەی بۆ دەکا چارەسەر بووە؟ موخاتەبی سەرەکیی کێشەی کورد لە ئێران پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتە کە نوێنگەی ئیرادەی سیاسیی خەڵکە، و لە تورکیەش بە هەمان شێوە موخاتەبی سەرەکیی پارتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان بە تایبەتی پارتی کرێکاران و DTPەن. خۆدزینەوە لەو راستییە هەرگیز نابێتە هەوێنی ئاشتیو پێکەوە ژیان لەو دوو وڵاتەدا. ئەردوغان باش دەزانێ کە پ.ك.ك لە ئاکامی چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد سەری هەڵداوە، نەك ئەوە کە بوونی پ.ك.ك هۆی چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد بێ، بەڵام هۆی لە باس کردنی ئەو واقیعە دەبوێرێ...

**موخاتەبی سەرەکیی کێشەی کورد لە ئێران پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتە کە نوێنگەی ئیرادەی سیاسیی خەڵکە، و لە تورکیەش بە هەمان شێوە موخاتەبی سەرەکی، پارتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان بە تایبەتی پارتی کرێکاران و DTPەن. خۆدزینەوە لەو راستییە هەرگیز نابێتە هەوێنی ئاشتی و پێکەوە ژیان لەو دوو وڵاتەدا**

### توندوتیژی دژی ژنان و رۆژێك بۆ دژایەتی ئەو دیاردەیە!

٢٥ نوامبر بە رۆژی جیهانیی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان ناوزەد کراوەو چەند ساڵێکە کە ئەو رۆژە لە کوردستانیش رێزی لێ دەگیرێ و بەم بۆنەیەوە کۆڕو سمینارو بەرنامەی تایبەت دەکرێ. زۆرجار ئەو قسەیە دووپات کراوەتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارەو ژن لەو کۆمەڵگەیەدا هەروەك "کالا" چاوی لێ دەکرێ، بەڵام لە راستیدا لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر کچێك یان ژنێك مافە ئینسانییەکانی لە لایەن پیاوانەوە (باوك، برا، هاوسەرو...) پێشێل بکرێ و وەکوو "کالا" سەیری بکرێ و رووبەرووی توندوتیژی بێتەوە، پێش هەموو کەس خەتاکە لەسەر شانی خۆیەتی. ژنانی کوردستان زەرفییەتی گۆڕانکاری و رەچەشکێنیان زۆر لاوازە، بۆ وێنە بە پێچەوانەی رابردوو ئێستا دەرەتانی دەستپێراگەیشتن بە ئامرازەکانی وەرگرتنی زانیاری وەکوو TVو رادیۆو رۆژنامەو ئینتێرنێت بۆ زۆر لە ژنانی کورد کارێکی ئاسانەو ئەم کانالانە بەردەوام ماف و ئازادییەکانی ژنان دەخەنە بەرباس، کەچی ژنان خۆیان نایانهەوێ کاریگەریی پۆزێتیڤ لەو رێگایەوە وەرگرن. تەنانەت بەشێك لە ژنانی خوێندواری ئەم وڵاتەمان هەر هاوچەشنی ژنانی نەخوێندەواری سەدەیەك لەمەوپێش هەڵسوکەوت دەکەن. بەشێکی بەرچاو لە ژنانی کوردستان ئەوەندەی گرینگی بە رواڵەتی خۆیان دەدەن، نیو هێندە گرینگی بۆ پێگەیاندنی فکری و زەینییان نادەن و لە زۆربەی بوارەکانی ژیان وەکوو کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەوە چاویان بڕیوەتە روانگەی پیاوانەوە. ژنانی کوردستان ئەگەر رێنێسانسێکی فکری لە خۆیاندا پێك نەهێنن، دێموکراتترین پیاوانی ئەو وڵاتەش ناتوانن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هاوکارو هاورێیان بن. خۆیان دەبێ بۆ گۆرانکاریی کولتووریی، رەچەشکێن بن ئەگینا توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی کە کردەوەیەکی دژە ئینسانی و نارەوایە کە رەگەزی پیاو کەڵکی لێوەردەگرێ، هەموو کاتێك هەڕەشەیان لێ دەکا.

ئەمرۆکە ئەم بیانوویە لە هیچ ژنێك پەسەند ناکرێ کە بلێ نازانم مافە ئینسانی‌یەکانم چین، یان ئەگەر بشزانێ بۆ گەیشتن پێیان هەوڵ نەدا. ژنێك خۆی هەر وەکوو کالایەکی جنسی سەیری خۆی بکا، پیاوانیش هەروا چاوی لێ دەکەن، کالایەك کە ئەگەر بە پێچەوانەی ویستی خاوەنەکەی هەڵسوکەوت بکا، رووبەرووی توندوتیژیی و سزا دەبێتەوە...

درێژەی:

## خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆڵی ژنانی ئێران لە بزووتنەوەی سەوزدا

ژنانی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا، هێنانە بەرباسی گەڵاڵەی تەناهیی کۆمەڵایەتی و هەروەها هەوڵدان بۆ پەسندکردنی گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە، بەشێك لەو هەوڵ و سیاسەتانەی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دژ بە ژنانی وڵات و بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ئەم توێژە لە کۆمەڵگە بوون.

پێشێلکارییەکانی مافی ژنان و سەرکوتی سیستماتیکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی ئێران، لانی کەم لەماوەی ٤ساڵەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دا دەکرێ وەك هۆکارێکی بنەڕەتی بە نیسبەت بەشداریی بەرچاوی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری دا چاوی لێ بکرێ.

ژنانیش وەك توێژێکی سەرکوتکراوی کۆمەڵگەی ئێران، ئەم بەشداریکردنانەیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دا وەك مەجالێك بۆ رزگار بوون لەم بارودۆخە هەڵسەنگاند. هەربۆیە بە شێوەیەکی بەرچاو بە مەبەستی"نا" گوتن بە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد چوونە سەر سندووقەکان و دەنگیان بە کاندیداکانی دیکە دا.

بەم پێشەکی‌یەوە دەمانەوێ ئاوڕێك لە رۆڵی ژنان و کچانی ئێران لە بزوتنەوەی گۆرانخوازانەی ئەم دوایانە دا بدەینەوە.

هەر چەند لەماوەی ئەم ٥مانگەدا ژنان نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی رێکخراوو بە بەرنامەیەکی تایبەت بە ئەم توێژەوە لەم بزووتنەوەدا دەرکەون و دروشم و داخوازی‌یەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە، بەڵام حزووری بەرچاویان لە ریزی خۆپێشاندەراندا تا رادەیەك روخسارێکی تایبەتی بەبزووتنەوە لەلایەك و خودی بزووتنەوەی ژنان بەخشیوە.

لە یەکەم ڕوانیندا حزووری بەرچاوی ژنان لە نارەزایەتی‌یەکانی ئەم دوایانەدا دەری‌دەخاکە هیچکام لەو تەرح و گەڵاڵانەی کە تەنیا بە مەبەستی بەرتەسك کردنەوەی ژنان لە سووچی ماڵ و ئاشپەزخانە لەلایەن پارلمانی ئێرانەوە پەسند کراون، نەیانتوانیوە ژنان لە گۆڕەپانی خەبات وەدەر بهاوێن.

دەرکەوتنیان لە خۆپێشاندان و ئێعترازەکان دا شان بە شانی پیاوان و تەنانەت زۆر جار پێشتر لە پیاوان، دەریخست کە فشارو سەرکوتی گرووپەکانی "گەشتی ئێرشاد"و بەپەسند گەیاندنی گەڵاڵەگەلی وەك گەڵاڵەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناتوانن چیدیکە ژنان لە خەبات بۆ ئازادی دابڕن و داخوازی‌یەکانیان سەرکوت بکەن.

شێوازی دەرکەوتنی ژنان لە بزووتنەوەی گۆرانخوازانەی ئەم دوایانەدا و تێکەڵ کردنی داخوازی‌یەکانیان بە داخوازی‌یە گشتی‌یەکانی بزووتنەوەی سەرانسەری و دووری کردن لە تایبەتمەند کردنی دروشم و داخوازی‌یەکانیان و جیانەکردنەوەیان لە دروشمە گشتی‌یەکان، بە جۆرێك لە جۆرەکان روانینێکی نوێی بە بزووتنەوەی ژنان بەخشیوە.

بە باوەڕی هێندێك لە خاوەن ڕایانی بواری ژنان، بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنانی ئێران هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی گۆرانخوازانەی کەوتۆتە فازێکی نوێوەو پێویستە خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێ.

لەم پێوەندییەدا زیلا ئایزنشتاین، فمینیستی پێشەنگ، پێی وایە کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە هەیەو دەڵێ کە داخوازییەکانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا چیدیکە ناتوانێ لە چوارچێوەی"فمینیزمی مەزهەبی" دا خۆی پێناسە بکا و بزوتنەوەیەکی تەواو "سێکۆلار"ە.

ناوبراو بزووتنەوەی ژنانی ئێرانی بە "فمینیزمی سێکۆلار" پێناسە دەکا و بە ئاوڕدانەوە لە شێوازی دەرکەوتنی ژنان لە بزووتنەوی سەوزدا، پێی وایە کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران بزووتنەوەیەکی مەدەنی ـ حوقووقی‌یەو بە تەواوەتی خۆی لە ئیدئۆلۆژی‌و ئایین دوور خستۆتەوە.

زیلا ئایزنشتاین دەسپێکی ئەم قۆناغە لە بزوتنەوەی ژنان بۆ کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا دەگەڕێنێتەوەو پێی وایە ژنانی ئێران توانیان لە بزووتنەوەی سەوزدا بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە فمینیزمی مەزهەبی بکەن.

ئەم پێناسەیە لە بزووتنەوەی ژنان بە جۆرێك هاوواتابوونی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری دەگەیەنێ. بە واتایەکی دیکە ئامانجی هەر دووکی ئەم بزووتنەوانەیە لەسەر چەند مێحوەرێکی وەك ئازادی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ دیاری کراون کە بەگشتی وەك بزووتنەوەیەکی مەدەنی ـ حوقووقی دەناسرێ و تایبەتمەندیی هاوبەشی ئەم دوو بزووتنەوەیە کە توانیویەتی بەم شێوەیە لێکیان نزیك بکاتەوەو تەنانەت تێکەڵ بە یەکیان بکا "سێکۆلار" بوونیانە.

# راپۆرتی ساڵی ٢٠٠٩ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن لە بارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا

(بەشی دووهەم) وکۆتایی

وەگێران: ڕەحمان سەلیمی

**هەڵاواردن ـ سەرکوتی کەمینەکان**

بەکارهێنانی زمانی کەمینەکان لە خوێندنگەو ئیدارە دەوڵەتی‌یەکان دا هەروا قەدەغەیە. کەسانێك کە بۆ بەشداریی سیاسیی زیاتر و یا ناساندنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کەمینەکان خەباتیان دەکرد. بەرەوڕووی هەڕەشە، دەسبەسەر بوون و زیندان بوونەوە. لە ژێر ناوی یاسای" گزنیش" دا، کەسانی سەر بە کەمینەکان لە دەسڕاگەیشتن بە دامەزران لە بەشی دەوڵەتی دا بێ بەش بوون. بەشێکی بەر چاو لە ژنان هەم وەك ئەندامی کەمینەیەکی پەراوێز خراوی ئەتنی یا ئایینی و هەم بەهۆی پێگەی لاوازیان لەو کۆمەڵگەیانە دا کەوەك کۆمەڵگەی کورد و بەلووچ پێیان دراوە. ئازاری چەوسانەوەیەکی دوو بەرابەریان بێ بڕاوە.

**عەرەبەکان**

خەڵکی عەرەبی ئەهواز نارەزایەتی دژی هەڵاواردنی جۆراجۆر بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ دەسڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان درێژە پێ دا.

مەعسوومە کەعبی و پێنج منداڵی لە مانگی ئۆکتۆبردا بەزۆری لە سووریە را بۆ ئێران گەڕاندرانەوە، وێدەچێ بە مەبەستی فشارهێنان بۆ مێردەکەی کە چالاکێکی عەرەبی ئەهوازییەو بۆ ئەوەی لە ئورووپاوە بگەڕێتەوە ئێران و خۆی تەسلیمی کاربەدەستان بکا، دەستبەجێ دەسبەسەر کران.

**ئازەربایجانی‌یەکان**

چالاکان درێژەیان دا بە داواکارییەکانیان بۆ بەکارهێنانی زمانی تورکیی ئازەربایجانی لە خوێندنگەو ئیدارە دەوڵەتی‌یەکان لە و ناوچەنەدا کەبە زۆری ئێرانیانی ئازەربایجانی تێیدا دەژین. دەیان چالاك لە مانگی فێوریەدا لە پەیوەندەی لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی زگماکی دەسبەسەر کران.

چوار چالاك لە نێوان مانکی سێتپامبرو نوامبر بە تۆمەتی هەنگاونان دژی تەناهیی وڵات " لە زیندانی ماڵەکەکەی دا راگیران. ئەوان لەو ١٨ کەسە بوون کە بۆ پێشگیرتن لە تەحریمی سەمبولیکی خوێندنگەو زانکۆکان بەمەستی مانگرتن دژی بەکار نەهێنانی زمانی تورکی ئازەربایجانی لە پەروەردەدا دەسبەسەر کران تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە. عەسکەر ئەکبەرزادە بە تۆمەتی دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی نایاسایی، ئامادە کردن و بڵاو کردنەوەی وتاری پان تورکیتی. بەشداری لە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە کولتووری ئازەربایجانی وەك سەمای ناوچەی ئازەربایجان و ناردنی زانیارییەکان بە ماڵپەرەکانی مافی مرۆڤ، لە مانگی دێسامبردا دادگایەك لە شاری ئەردەبیل بە پێنج ساڵ زیندانی لە پارێزگەی سیستان و بەلووچستان حوکم درا.

**بەلووچەکان**

لە ناوچە بەلووچ نشنیەکان دا" بزووتنەوەی بەرەنگاریی خەڵکی ئێران" کە گرووپێکی چەکدارن و بە جوندوڵڵا ناسراون جاروبار لەگەڵ هێزە دەوڵەتی‌یەکان دا دەرگیر بوون. لە مانگی ژوئەن دا گرووپی ناوبراو ١٥ تا ١٨ کەس لە پاسدارانی سنووری ئێرانیان دەسگیر کرد. کەیەکیان ئازاد کرد و ئەوانی دیکەیان لە مانگی ئۆکتۆبردا کوشت. کار بەدەستان دژکردەوەی بەپەلەیان دژی کەسانی گومان لێکراو بە ئەندامەتی یا لایەنگری لەو گرووپە گرتۆتەبەر. یەعقووب مێهرنەهاد چالاکێکی مافە کولتووری و مەدەنی‌یەکانی بە لووچ و ئەندامی لاوانی دەنگی عەدالەت پاش دادگاییەکی زۆر ناعادلانە لە مانگی ئووت دا ئێعدام کرا. ناوبراو بە دوای رەخنەگرتن لە یەکێك لە کارەبەدەستانی ناوچەکە دەسبەسەر کرا بوو. بەپێی راپۆرتەکان ناوبراو ئەشکەنجە درابوو و لە بوونی پارێزەر بێبەش کرابوو و لە دادگایەك لە زاهیدان دا تاوانی پێوەندی لەگەڵ جوندوڵڵا حوکمی بە سەردا سەپێنرابوو.

**کوردەکان**

ئەندامانی گرووپی چەکداری پارتی ژیانی ئازادی کوردستان کە بە" پژاك " ناسراون. هەروا درێژەیان بە هێرش بۆسەر هێزەکانی ئێران دا. بەشێکی بەرچاوی ئەو کوردانەی دەسبەسەر کران تۆمەتی ئەندامەتی یان پشتیوانی لە پژاك یا گرووپەکانی دیکەیان خرایە پاڵ. هەندێکیان وەك فەرزادی کەمانگەر مامۆستای قوتابخانە دەوای ئەوەی هاشای لەو تۆمەتانە کرد ئەشکەنجە دراو لە دادگایەکی زۆر نادادپەروەرانەدا حوکمی ئیعدامی بە سەر دا سەپا.

لایەنگرانی ناساندنی زیاتری زمان و کولتووری و مافەکانی دیکەی کوردەکان دەسبەسەر و زیندانی کران. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بەهۆی توندوتیژی بنەماڵەیی خۆیان ئاور تێبەر دەدەن و زۆر جار دەکوژرێن کاربەدەستان هەنگاوی جیدیان بۆ چارەسەری کێشەکەو پشتیوانی لە ژنان لەبەرامبەر توندوتیژی دا هەڵنەهێناوەتەوە.

لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئووت و ئۆکتۆبردا، زیاتر لە ٥٠ زیندانی بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین هەمبەربەکارهێنانی سزای ئێعدام بۆ سەر زیندانیانی سیاسیی کوردو داوای وەبەرچاو گرتنی مافە مەدەنیەکانی زیندانیانی سیاسیی کورد مانیان لە خواردن گرت.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەرو سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە لە مانکی ژونیەی ٢٠٠٧ دەسبەسەر کرابوو لە مانگی مەی دا بە دوای دادگاییەکی ناعادڵانە بە تومەتی"پرۆپاگەندە دژی نیزام " و" چالاکی دژی ئەمنییەتی وڵات لە رێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" حوکمی ١١ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. لە دادگای پێداچوونەوەدا حوکمی یەك ساڵ زیندانی ناوبراو بە تۆمەتی پروپاکەندە دژی نیزام هەڵوەشایەوەو حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی تەئید کرایەوە؟

**تورکەمەنەکان**

مانگی ژانویە لەڕێپێوانێك دا کە بەمەبەستی نارەزایەتی دژی کوژرانی لاوێکی ماسیگری تورکەمەن لەلایەن هێزە ئەمنییەتییە دەریاییەکانی رێژیم لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ نزیك بەندەر تورکەمەن، سەدان کەس تورکەمەن دەسبەسەر کران، تا کۆتایی ساڵی هەراتێك لەسەر جێبەجێ کردن عەدالەت لەسەر بکوژی ئەو لاوە نەبوو.لانیکەم ٦ خوێندکاری ژێر ١٥ساڵ بۆ ماوەی تا ١٢ ڕۆژ دەسبەسەر کران و بە پێی راپۆرتەکان کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجەو لێدان. دەسدرێژی سێکسی و شۆکی بەرقی.

**کەمینە مەزهەبی‌یەکان**

ئەندامانی سەر بە کەمینە مەزهەبی یەکان هەروا لەگەڵ هەڵاواردن، ئازار، دەسبەسەری و رووخانی شوێنە مەزهەبی‌یەکانیان بەرەوڕوون. کەسانێك کە لە ئیسلامەوە ئاینیان گرووپە دەسبەسەر کراون. هەندێکی دیکە کە پێش ساڵی ٢٠٠٨ دەسبەسەر کرابوون دادگایی کراون، لانیکەم دووکەسیان لە حوکمی "ارتداد" رزگارییان بوو لە کۆتایی دا هەموویان ئازاد کران.

باوەڕدارانی ئایینی بەهایی لە دەسڕاگەیشتن بە خوێندنی باڵا بێ بەشن و هەندێك لە شوێنە پیرۆزەکانیان تێکدران. رێبەران و ئەندامانی دیکەی تەریقەتی سۆفی گونابادی ئازار دران و دەسبەسەر کران. لانیکەم سێ مەلای سونتی بە شێوەیەکی گوماناوی کوژران. ژمارەیەکی دیکە دەسبەسەرو دوو کەسیان ئێعدام کران. لە مانگی ئوت دا خویندنگەیەکی ئایینی سوننی تێکدرا. داوا لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان کراوە کە بوونی کەسانی سەر بە"گرووپە لە ڕێ دەرچووەکان (فرقەهای ضاله)" وەك بەهایی، عەلی اللهی و ئەهلی حەق لە قووتابخانەکان بە ئیدارەی ئەمنییەت رایگەیەنرێ.

ــ لە مانگەکانی مارس و مای، حەوت کەس لە رێبەرانی کۆمەڵگای بەهایی لەلایەن مەئمووڕانی وەزارەتی ئیتلاعات دەسبەسەر کران. لە مانگی ئووت دا تاوانبار کران بە تاوانی ناڕوون سەبارەت بە ئەمنییەتی میللی. هەموویان زیندانیی ویژدان بوون.

ــ ئایەتوڵڵا حوسێنی کازمینی بروجێردی، مەلایەکی دژی حکوومەت هەروا لە هەلومەرجی نالەباری تەندروستی لە زیندان دا ماوەتەوە و حوکمی ١١ساڵ زیندانی لە دادگایەکی ناعادڵانە لە ئووتی ٢٠٠٧ دا بە سەر دا سەپا. هەروەها ناوبراو لە مانگی نوامبر دا لە تارانەوە رەوانەی یەزد کراوە.

**سیستمی دادپەروەری**

دەیان کەس لە رەخنەگرانی حکوومەت دەسبەسەر کراون کە زۆربەیان لەلایەن مەئموورانی لیباس شەخسی‌یەوە کە هیچ بەڵگەیەك بۆ ناساندنی خۆیان پێشان نەداوە، دەسگیر کراون. هەندێکیان بێ دادگایی کردن بۆ ماوەیەکی درێژو لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەزگای دادوەری بەڕێوە چوون و بەپێی راپۆرتەکان ئەشکەنجە دراون و لە دەستڕاگەیشتن بە وەکیل، چاوەدێری پزیشکی و بنەماڵەکانیان بێ بەش کراون.

دوو برا بە ناوەکانی ئارەش و کامیار عەلایی کە پزیشك و پسپۆڕی پێشگیری و دەرمانی ئەیدزن وێدەچێ بەهۆی پێوەندییان بە NGOکانی ئامریکایی و رەخنە گریشیان لە سیاسەتی دەوڵەت سەبارەت بە مەسەلەی ئەیدز و HFV لە مانگی ژووئەنەوە دەسبەسەر و بە بێ تاوان زیندانی کراون. ناوبراوان لە ٣١ی دیسامبر دا بە تۆمەتی هاوکاری لەگەل دەوڵەتێکی دوژمن و هەوڵدان بۆ رووخانی حکوومەتی ئێران، دادگاییەکی نادادپەروەرانە کران.

مەنسووری ئوسانلوو سەرۆکی سەندیکایی بە فەرمی نەناسراوی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسرانی تاران هەروا لەزیندان دایە و پاشماوەی حوکمی ٥ ساڵ زیندانی دەکێشێ کە بەهۆی چالاکییە سەندیکایی‌یەکان حوکم دراوەو ناوبراو باری تەندروستی باش نیەو چاوەدێرییە پزیشکیەکانی بە پێی پێویست نین.

**ئەشکەنجەو هەڵسوکەوتی نالەبار**

ئەشکەنجەی دەسبەسەر کراوان و هەڵسوکەوتی نالەبار لەگەڵیان زۆر بەرچاوە و ئەو کارە لە ڕێگەی زیندانیی درێژەخایەن بەرلە راگەیاندنی تۆمەتەکانیان، بێ بەش بوونی لە دەسڕاگەیشتن بە پارێزەر و بنەماڵەو.... بەڕێوە دەچێ.

لانیکەم چوار نموونەی مردن لە زیندان دا دەرکەوتوە. هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەو مەرگانە و یا دوو نموونەی دیکەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ رووی دا، رانەگەیەنراوە.

عەبدولرەزا رەجەبی، لایەنگری ڕێکخراوی قەدەغە کراوی موجاهیدینی گەلی ئێران کە لە ساڵی ٢٠٠١وە لە زیندان دابوو لە مانگی ئۆکتۆبردا لە زیندان مرد. بە پێی هەندێك راپۆرت ناوبراو ئەشکەنجە دراوە.

**سزای بێ رەحمانە، نامرۆڤانە و سووکایەتی پێکردن**

دوگمگەلی قامچی لێدان و بڕینی ئەندام بەڕێوە چوون.

بە پێی راپۆرتەکان، ئەمیر عەلی محەمەد لەباف یەکێك لە رێبەرانی سونیی گونابادی لە مانگی نوامبر دا بە هۆی "بڵاوکردنەوەی درۆ" لە دادگایەك لە شاری قوم بە ٥ساڵ زیندان، قامچی لێدان و دوور خستنەوە بۆ شاری بابەك حوکم درا.

**سزای ئێعدام**

لانیکەم ٣٤٦کەس ئێعدام کراون. بۆ وێنە لانیکەم ٨ تاوانباری مێرمنداڵ کەبە هۆی تاوانی تووشبوو لە تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵ حوکمی مەرگیان بەسەردا سەپاوە. ژمارەی راستەقینە رەنگبێ لەوە زیاتر بێ لەبەر ئەوەی کاربەدەستان راگەیاندنی زانیاری سەبارەت بە ئێعدامەکانیان سنووردار کردوە. ئێعدام بۆ تاوانگەلێکی زۆری وەك قەتڵ، دەسدرێژیی سێکسی، قاچاغی مادده هۆشبەرەکان و گەندەڵیی ماڵی بەڕێوە چووە. لانیکەم ١٣٣ تاوانباری مێرمنداڵ بە پێچەوانەی یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان لە مەترسیی بەڕێوەچوونی ئێعدام دان. زۆرێك لە چالاکانی مافی مرۆڤی ئێرانی بۆ کۆتایی هێنان بەو دۆخە خەباتیان کردوە. کاربەدەستان هەوڵیان داوە ئێعدام بۆ سزای قەتڵ وەکوو"قصاص " و نەك ئێعدام پاساو بێننەوە، جیاوازیەك کە لە یاسای مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی بە فەرمی نەناسراوە. لە مانگی ژوانویەدا یاسایەکی نوێی سزای ئێعدام یا قامچی بۆ بەرهەم هێنەرانی فیلمی"مستهجن" دەرکراو هەروەها پێشنیارێك بۆ دیاریکردنی سزای ئێعدام بۆ "ارتداد" لە مەجلیس دا خرایە بەرباس، بەڵام تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ پەسند نەکرابوو.

لە مانگی ژوانویەدا سەرۆکی دەزگای دادوەری دەستووری دا ئێعدام لەبەرچاوی جەماوەر لە زۆربەی بوارەداندا راگیرێ و لە مانگی ئووت دا کاربەدەستانی دادوەری رایانگەیاند کە ئێعدام بە شێوەی بەرد باران راگیراوە، هەر چەند لە کۆتایی ساڵ دا لانیکەم ١٠ کەس حوکم دران بە مەرگ لە رێگای بەرد بارانەوە چاوەڕێی بەڕێوەچوونی حوکمەکانیانن و دوو پیاو لە مانگی دێسامبر دا بەرد باران کران.


لە مانگی دێسامبر دا ئێران وەڵامی رەتی دایەوە بە کۆنۆانسیۆنێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە خوازیاری راگرتنی ئێعدام لە سەراسەری جیهان بوو.

**پەنابەران و پەناخوازان**

ئێران میوانداری ١میلیۆن پەنابەر بوو کە زۆربەیان ئەفغانین. بە پێی وتەکانی بەرپرسانی دەوڵەتی نزیك یەك میلیۆن کەسی دیکە بەشێوەی نایاسایی لە ئێران دەژین .

لانیکەم ١٢ هاوڵاتی ئەفغان کە وێدەچێ لە ئێرانەوە بۆ ئەفغانستان گەڕابنەوە لە مانگی ئاوریل دا بە شێوەیەکی ناڕوون لەلایەن پۆلیسی سنوورەوە کوژران.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"**



# توندوتیژی لە دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی

کوێستان فتووحی

۲۵ی نوامبری بە ڕۆژی جیهانی سرینەوەی توندوتیژی ناسراوە. ئەو ڕێکەوتە بۆ ڕێزگرتن لە سێ خوشکی چالاکی سیاسی کە بە خوشکانی میرابال ناسراون و خەڵکی کۆماری دومینیکن بوون دیاری کراوە. ئەوان چەندین ساڵ لە دژی دیکتاتۆری وڵاتەکەی خۆیان بە ناوی "تروهیلو" خەباتیان کرد. هەر بۆیە بە سیمبولی خەبات لە دژی توندوتیژی ناسراون. سەرەنجام هەر بە دەستی عامیلانی ئەو دیکتاتۆرە لە کاتی چوونیان بۆ سەردانی هاوسەرەکانیان لە زینداندا، بە شێوەیەکی گوماناوی کوژران. هەر لەو کاتەوە لەلایەن ژنانی چالاکی دومینیکەنەوە ڕۆژی کوژرانی ئەوان وەك ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی ڕاگەیاندراوە و پێشنیاریان بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ ڕێزگرتن لەو سێ خوشکە کە بەرەنگاری دیکتاتۆری بوونەتەوە ئەم پێشنیارە پەسند بکا. شوورای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩٩وە ئەو ڕۆژەی وەك ڕۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان پەسند کردوە.

## مەبەست لە توندوتیژی

توندوتیژی بەشێوەی جۆراوجۆر لەسەر ژنان لە نێو زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەڕێوە دەچێ وەك :

لە جارنامەی پێشگیری لە توندتیژی دژی ژنان پەسندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتوە، مەبەست لە "توندوتیژی دژی ژنان"، هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی، یان دەروونیی ژنان، وەك لێدان، هەڕەشە، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی، زۆری لێکردن و هتد کە لە ریزی ڕەفتار و کردەوەی توندوتیژدان".

کەڵك وەرگرتنی جینسی، جیسمی، یان عاتیفی لەلایەن شەریکی ژیانەوە، کەڵکوەرگرتنی جسمی یان جینسی ئەندامانی بنەماڵە و خەڵکی دیکە، ئازار و ئەزیەت یان کەڵکوەرگرتنی جینسی لە لایەن کەسانێکەوە وەك مامۆستا، پۆلیس، بەرپرسی ئیدارە، دەستدرێژیی جینسی، کردەوەی سوننەتی بە زۆر وەك خەتەنەی کچان لە هێندێك کلتوور دا، بەشوودانی کچانی منداڵ، کوشتنی ژن بە ناوی پارستنی ئابڕووی بنەماڵە یان کەڵکوەرگرتنی جینسی لەلایەن نیزامیانەوە لە کاتی شەڕدا، توندوتیژی سیاسی و هتد ئەمانە هەمووی دەچنە خانەی توندوتیژییەوە.

توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی جیهانییە و بە شێوەیەکی بەربڵاو بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بە بیانووی نەپاراستنی بەهاکانی نێو بنەماڵە، بە توندترین شێوە ئازار دەدرێن تەنانەت دەکوژرێن.

بنەماڵە یەکەمین شوێنی دەست پێکردنی کردەوەی توندوتیژییە دژی ژنان. باوك، برا و مێرد بە بێ ئەوەی ترسێکیان لە سزادان هەبێ، قانوونە نابەرابەرەکانی خۆیان لە نێوماڵەکاندا بەڕێوە دەبن و بە بیانووی جۆراوجۆر ژنان ئازار دەدەن. توندوتیژی لە نێو بنەماڵەدا لە تەواوی چین و توێژێکی نێو کۆمەڵدا لە نێو توێژی دەوڵەمەند، هەژار، خوێندەوار و نەخوێندەوار دا بەڕێوە دەچێ.

لە ۱۱٤ وڵاتی جیهاندا پیاوان بە هۆی توندوتیژی لە دژی ژنان سزا نادرێن و ئەگەر پیاوان بەناوی نامووسپارێزییەوە ژنان ئازار بدەن یا بیانکوژن ڕووبەڕووی سزای زۆر سووك دەبنەوە یان هەر سزا نادرێن. ساختاری کۆمەڵگەش توندوتیژی و ڕەفتاری تووڕەو ناڕەوا لە دژی ژنانی قبووڵ کردوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە توندوتیژیی نێو بنەماڵە بە دیاردەیەکی ئاسایی سەیر بکرێ.

۹۰ لە سەدی منداڵانی ئەو بنەماڵانەی توندوتیژییان تێدایە شاهیدی لێدانی دایکیانن لە لایەن باوکیانەوە. ۸۰ لەسەدی مێرمنداڵانی کە کاری ناڕەوا دەکەن لە شوێنی پڕ لە توندوتیژیدا گەورە بوون. ئەو کوڕانەی لە نێو شوێنێکی توندوتیژئامێزی بنەماڵەدا گەورە دەبن، ۷۰ لەسەد زیاتر لەوانەی دیکە قابلیەت و مەیلیان بۆ لێدانی ئەو ژنانە هەیە کە لە گەڵیان دەژین. منداڵانێك کە لە هەلومەرجێکی پڕ لە توندتیژیدا ژیان بەسەر دەبەن، ۳۰۰ لە سەد زیاتر لە کەسانی ئاسایی ئەلکولی یا موعتاد دەبن.

## توندوتیژی لە دژی ژنان چۆن کۆتایی دێ؟

توندوتیژی لە دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتییە، ئەوانەی باس لە پێشکەوتن و ئاشتی و ئەمنییەت دەکەن، دەبێ بزانن ئەم کردەوەیە لە هەر وڵاتێك دا هەبێ بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکانی ژنان. لە هەر وڵاتێکیش دا مافی مرۆڤ پێشێل بکرێ هەرگیز ڕووی پێشکەوتن و ئاشتی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ. لەم پێوەندییەدا نەخشی دەسەڵات زۆر گرنگە، دەسەڵات دەبێ توندوتیژی لە هەر جۆرێکدا مەحکووم بکا و بۆ ئەو کەسانەی کردەوەی توندوتیژ لە دژی ژنان بەڕێوە دەبەن سزای قورس دیار بکا. بودجەی پێویست بۆ تێکۆشانەکانی پێوەندیدار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکا. دیارە نەخشی خودی ژنانیش لەم بارەیەوە زۆر گرنگە. ژنان دەبێ ئاگا بن بە مافەکانیان، بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاست پێشێلکردنی مافەکانیان وەدەنگ بێن. توندوتیژی بناسن و بزانن کە ئەم دیاردەیە ئاسایی نیە و نابێ لە ئاستیدا بێدەنگ بن. ژنان ئەگەر ئاگا بن و مافەکانی خۆیان بناسن دەتوانن بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و ڕاهێنانی هاوسەرەکانیان پێشی کردەوەی توندوتیژ بەرامبەر بەخۆیان بگرن.

بەدڵنیاییەوە ژنان ئەگەر بە ئاگایی و وشیاری و ئازایەتی خۆیان پشت ببەسن دەتوانن بە هەر ڕەفتارێکی توندوتیژ نا بڵێنەوە و دنیایەك دروست بکەن کە خۆیان و منداڵەکانیان لە موحیتێکی ئارام و بەبێ فەرقوجیاوازیدا دا ژیان بەسەر بەرن.




**مادەی ٤ی لە جارنامەی پێشگیری لە توندوتیژی لە دژی ژنان:**

**دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن و، نابێ هیچ دابونەریت، یان تێبینیەکی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ بە ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان و بێڕاوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی دژێژە پێبدەن....**

# شیشەو کریستاڵ، ئێستاش کراك و پان کراك

عەلی بداغی

سەبارەت بە دیاردەی ئێعتیاد لە کۆمەڵگای سوننەتی و خاوەن سیستمە نادێموکڕاتیکەکان دا خاڵی گرینگ و زۆر هەستیار، نەبوونی ئامارێکی جێی باوەڕو ڕوون و دەقیقە. ئەمە هەم هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی هەیە، هەم کۆمەڵایەتی و دەروونی.

لە کۆمەڵگەی سوننەتیی ئێران دا ئێعتیاد وەك دیاردەیەکی نەباوو نەشیاو و دژە بایەخەکانی کۆمەڵ سەیر دەکرێ و هەر ئەوەش وای کردوە کە کەسانی موعتاد تا ئەو جێیەی بۆیان دەکرێ خۆیان لە خەڵکی دوور بگرن، لەبەر چاوان بزر بن و خۆیان لە سەردانی ناوەندە بێهداشتی و تەندروستییەکان بدزنەوەو ئەوەش وای کردوە ئاماری ڕەسمی و جێی باوەڕی خێڵی موعتادەکانی ئێران هەمووکات جێی پرسیار و مشتومڕ بێ.

بەرپرسانی سیاسیی وڵاتیش هەم لە ڕواڵەت دا بۆپاراستنی ئابڕوو و حەیسییەت و پرستیژی نیزامەکەیان و لە ڕاستیش دا بە مەبەستی خۆدزینەوە لە ئەرکی بەرپرسیارەتیی خۆیان هەوڵ دەدەن ئاماری موعتادانی وڵات زۆر لەوە کەمتر پیشان بدرێ کە لە واقع دا بوونی هەیە.

بەڵام لەهەر حاڵ دا هەم بۆ پلانداندان و بەرەنگار بوونەوەی ئەو قەیرانە پێویستە ئامارێکی ورد و دروست لە بەر دەستی توێژەران و پسپۆڕانی پزیشکی و دەروونناسیی وڵات دا هەبێ و هەم ئاماژە بەرهەستەکانی ئەو قەیرانە وایان کردوە هەوڵە سیاسییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ شاردنەوەو پووش بەسەرکردنی ڕاستییەکانی ئەو دیاردەیە زۆر بڕ نەکاو ئاکامی دڵخوازی بۆ ئەوان لێ نەکەوێتەوە. چونکە لانیکەم ڕاپۆرتەکەی ساڵی ٢٠٠٩ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئێران گەورەترین وڵاتی بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان لە دنیا دایە. بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا زۆر گرینگ و هەستیارە دوو شتە: یەکەم ئەوەی لاوانی خوار تەمەن ٢٤ساڵ زیاتر لە ٦٠٪ی حەشیمەتی موعتادەکانی وڵات پێك دێنن.

دووهەم ئەوەی کە ئولگوی مەسرەفی مادە هۆشبەرەکان گۆڕانی زۆر و خێرای بەخۆیەوە بینیوە و لە مادە هۆشبەرە سروشتییەکانی وەك تریاك و حەشیشەوە بەرەو مەوادی شیمیایی و سەنعەتیی وەك شیشەو کراك پەلی هاویشتوە. هۆی سەرەکیی ئەوگۆڕانە لە ئولگووی مەسرەفی بەکارهێنان لە مادە هۆشبەرە کۆنەکانی وەك تریاك و هێروئین را بۆ شیشە و کراك، بۆ هەرزانی و بە ئاسان دەستکەوتن و ڕاحەت مەسرەف کردن و بەکار هێنانی مادە هۆشبەرە شیمیایی و سەنعەتیەکانی وەك شیشەو کراك دەگەڕێتەوە.

لەو نێوەدا بڵاوبوونەوەی کراك و بەم دواییانەش پان کراك لە شێوازی بنێشت و لە ڕەنگی جۆراوجۆر لە پارێزگاکانی کوردستان و بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا نیگەرانی و مەترسیی زۆری بۆ لایەنە بەرپرسیارەکان ناوەتەوە.

کراك لە پێوەرو ستانداردی نێو نەتەوەیی خۆی دا لە کوکائین بەرهەم دەهێندرێ، بەڵام ئەو مادەیەی لە ئێراندا کراکی پێ دەگوترێ ئەو کراکەی ئامریکا و ئەورووپا نیە ولە کۆکایین دروست نەکراوەو پالاوتراوی مۆرفینییەو دیارە جیا لەوەش ناخالسی و خشت و خاڵی یەکجار زۆریشی پێوە زیاد دەکرێ و هەموو ئەوانەش نەك لە لابراتوارو کارگە پزیشکییەکاندا، بەڵکوو دەست سازن و لە کارگە ژێر زەمینییەکان داو بە شاراوە بەرهەم دەهێندرێن.

کارتێکەرییەکانی کراك لەسەر لەشی مرۆڤ پێوەندیی بەو ناخالسی و خشت و خاڵانەوە هەیە کە بەمادە سەرەکییە کە زیاد دەکرێ. بەڵام بەو حاڵەش خراپترین کاریگەریی لەسەر لەش و دەروونی ئەو کەسانەیە کە بەکاری دێنن. کراك تارە دەنگییەکان لەنێو دەباو لەکەمتر لە دوو ساڵیش دا هەموو سیستمی بەرگریی کەسەکە تێك و پێك دەداو شانسی مانەوەو درێژە پێدان بە ژیانی بە تەواوی لێ دەستێنێ.

سەبارەت بە کراك دوو شتی گرینگی دیکەش هەن: یەکیان دابەزینی تەمەنی بەکارهێنەرانی کراك بۆ خوار ١٦ ساڵ و بڵاوبوونەوەی لە خوێندنگە ناوەندی و دواناوەندییەکان داو دووهەمیان ئەوەی کە شانسی وازهێنان و دوور کەوتنەوە لە کراك بۆ بەکارهێنەرانی کراك ئێجگار کەمە.

وازهێنان لە کراك و وەلانانی شیشەو پان کراك پێویستیی بە ئەنگیزەی تایبەت و هاوکاری زۆری کەسی بەکارهێنەرو بنەماڵەکەی و چارەسەری و خەواندنی لە ناوەندێکی موجەهەزی پزیشکی هەیە و پێویستە تیمێکی پسپۆری تایبەتیی پێکهاتوو لە دەروونناس، ژارناس، پزیشکی ئەعساب، پزیشکی هەناو و یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی بەردەوام بۆ ماوەیەکی زۆر کاری لەسەر بکەن هەتا هەل وبواری گەڕانەوە بۆ ژیان و ئاسایی بوونەوەی دۆخی جەستەیی و دەروونیی بۆ پێك بهێننەوەو ئەوەش نە بۆ لاوێکی موعتادی کۆڵەواری کورد دەڕەخسێ و نە ئەو ئیمکاناتە پزیشکییە تایبەتییەش لە کوردستان و تەنانەت لە ئێرانیش دا لەبەر دەستی خێڵی موعتادانی ئێران دادەنرێ.

بۆ پێوەندی گرتن بە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی:

komelayeti@hotmail.com

# نیشانە

نووسینی: عەلی ئەشرەف دەرویشیان
وەرگێڕان : عەزیز گەردی



چوار شەممە بوو. ئاخرو ئۆخری مانگی ئاب بوو. چوارشەممەیەکی زەردی بە پەڵەی سوور نارنجی. بارانی شەوی پێشوو لێی کردبووەوە، بەڵام گەڵا هەروا لە هەر دوو بەری ڕێگاکە دەباری. ڕێگایەکی خۆڵی پڕ کەندو کۆسپ، سەراپای گەڵاو قوڕەسوور. (با) رووی قۆرەتاوەکانی دەلەراندەوەو وێنەی هەورو ئاسمانی پارچە پارچە دەکرد.

پاسەکە یەك لە دوای یەك دەوکەوتە ناو قۆرتەکان و هەر دوو بەری ڕێگاکە بە قوڕە سوور دەبوو. دوای دوو ساعات، کە پاسەکە گەیشتە سەر جادەی قیرتاو، دنیا هەمووی کش و مات بوو. ئەو راهەژان و هەراو هۆریایە مەیلەو کپ بووەوە. سکی نەفەرەکان نیشتەوەو لە جووڵە وەستا. هۆقە هۆقی ئەو پیرەژنەی لە تەنیشت جامی پەنجەرەکە دانیشتبوو، دامرکایەوە. ئەو ژن و کچەی لە سەر کورسی پشت لێخوڕەکە دانیشتبوون، ئیتر ناچار نەبوون بەردەوام خۆیان بجووڵێنن و بکشێنەوە دواوە بۆ ئەوەی پاڵ بە پشتۆکی کورسییەکەوە بدەن. کچەکە دەساڵی بوو. پێلووەکانی لە بەر گریان تەڕو سوور ببوون. ژنەکە دەم و چاوی لەڕو داچۆڕا بوو. پێستەی رووومەتی وشك ببوو، دوو دەسکە قژی سپی لە ژێر سەرپۆشی هاتبووە دەرێ. داغێکی قوڵی کەوتبووە چورچ و لۆچەکانی لالغاوەی، بەڵام چاوەکانی هێشتا سایەی ئومێدێکی کاڵیان تێدا دەبرسکایەوە.

ژنە جل و بەرگی ڕەش بوو و هەندێ شوێنی کراس و سەرپۆشی لەبەر خۆرەتاو قاوەیی هەڵگەڕابوو. کچەکە جووتە پێڵاوێکی سوورمەی کەتانی لە پێدا بوو، چەند جێیەکی بە داوی ڕەش درووببوووەوە، قەیتانەکانی پێڵاوی لە گۆزینگی پێی ئاڵاند بوو، گرێی دابوو. ژنە جاروبار تەماشایەکی پێڵاوەکانی کچەی دەکرد: سەد جار گوتم ئەم کەتانییە لە پێ مەکە. ئەمە یادگاری کاکەیە پێش ئەوەی سواری پاس بین، ژنە هەندێ قوڕە سووری لە دەم ڕێگا هەڵگرت و لە پێشەوەی سەرپۆشی خۆی هەڵسوی: بۆ کچە لێی هەڵناسووم، بۆ ئەو شوومە، بەخت ڕەش دەبێ. چارۆکەکەشم عەدم دەکا.

ڕۆژی پێش ئەوەی بەڕێ بکەون، کچە چەپکە کوڵووکێکی داودی لە قەراخ جۆگاکان چنی و شەو لەناو ئاو داینا بۆ ئەوەی بە تەڕو تازەیی بمێنێتەوە: ئەگەر وێنەی کاکەمم دۆزییەوە، ئەم کوڵووکانەی لە تەك دادەنێم شەش نەفەری دیکەش لەناو پاسەکە بوون. زۆربەیان وەنەوز دەیبردنەوە، دوو دوو لار ببوونەوە سەرسینگی یەکدی و جاروبار سەریان پێك دەوکەت و لە خەو رادەچڵەکین.

پاسەکە نەختێ لە پێشەوەتر وەستا. کابرایەك بە خۆو بە مەڕەکەیەوە سەرکەوت. مەڕەکە، کە بە تەك کچەکەدا تێپەڕی، کوڵووکەکانی بۆن کردو لێوەکانی جووڵاندەوە. کچەکە ترساو چەپکە کوڵووکەکەی لابرد. ژنەکە شەپێکی لە لمووزی مەڕەکەدا: دەك ئاکیلە بخۆی، هەی!

پاسەکە بەڕێکەوت. مەڕەکە ئەژنۆی چەمایەوەو لە سەر عەرزی ئۆتومبێلەکە راکشا. کردی بە باعە باع و لە کاوێژی خۆی بەردەوام بوو. لە ناکاو ژنێك زریکاندی: خالۆ، ئاگادار بە، ئەوە تۆ دەمبەیتە کوێ! و بەخۆو بە دوو مریشك و کەڵەشێرەوە دابەزی و ملی باریکە ڕێیەکی خۆڵی گرت. لەگەڵ رۆیشتنی پاسەکە، ڕێگا خۆڵەکە سووڕاو ژنەکەو مریشکەکانی هەر دوور کەوتنەوە دوور کەوتنەوە. تیشکی ڕۆژ، هەندێ جار لە کەلێنی پەڵە هەورەکانەوە دەهاتە دەرێ و یەکەو راست بە ئاسنی بریقەداری پێش دەشبوولەکە دەکەوت و لە چاوی کچەکەی دەدا. کچەکە پێلووی تەڕو سووری دادەخست. حەزی دەکرد هەور بێ، سێبەر بێ و ڕۆژ بکەوێتە پەنا هەور، بۆ ئەوەی ئەو بریقەیەی بە چاوان نەکەوێ.

زەوی هەردوو بەری جادەکەن لە دەوری خۆیەوە خولی دەخواردو رایدەکرد.

هەندێ جار، زەوی کشتوکاڵی پایزە سەوزی دەنواندو دووبارە دەبووەوە چۆڵ و بیابانێکی سوور.

لەپڕ جادە پڕ بوو لە قەلەڕەش. کچە، کە چاوی بە قەلەکان کەوت، کاکەی بیر کەوتەوە:

هەر کاتێ قەلەڕەش بە یەکەوە لەسەر جادە بنیشن، بێ شکە زەماوەندیان هەیە.

کچە رووی کردە دایکی:

زەماوەندی قەلەڕەشانە. ژنە، پێکەنینێکی کاڵی پەڕییە سەر لالغاوەوە هەر زوو سڕایەوە.

کچە بە هێدی گوتی:

کاکە دەیەویست زەماوەند بکا.

ژنە رووی وەرگێڕاو چاوی بڕییە دوور. لە قەراخ جادە، کەرێك بارەدارێکی گرانی لێبوو. لە نشێوایییەك گلۆر بووەوەو ماخۆکەی لەگەڵ خۆی راکێشایە خوارێ. پیرەمێرد، هەموو گیانی بوو بە پڕووشکە ئاوو قوڕەسوور. بە هەڕەشە گۆپاڵی لە لێخوڕەکە راهەژاندو جوێنی دایێ. لێخوڕەکە لە ئاوێنەی بەرامبەری قاقا پێکەنی و بە توندی کۆکی. لەگەڵ هەر کۆکەیەکا پەلکە تۆوی گوڵە بەرۆژە بە شووشەی پێشەوە دەکەوت:

هەی پیری تەپەتڕن.

ژنە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە، ئەم لێخوڕە چۆن دەتوانێ ئاوها پێ بکەنێ و بە کچەکەی گوت: جامەکە داخە!

(با)ی پایز نەخۆشی بە دەمەوەیە.

کچە، بە پنجەی باریك و ئێسکنی، جامەکەی پاڵدا تا بە تەواوی داخرا.

ژنە قوتوویەکی پلاستیکی بچووکی لە ناو بوخچەکەی دەرهێنا. هێدی سەری کردەوە. پەنجەی لە وازلین داو دەستی کچەی پێ هەنوو: لێوەکانیشت چەورکە! شەقار شەقار بوونە. هی (با)ی پایزە.

کچەکە، دەسکە قژێکی پیس و لوول خواردووی هاتبووە دەرێ، دایکە بە پەنجەی کەچ و کولی بۆی خستەوە ژێر چارۆکە: کەزیت پیس بووە، بریا سەری خۆت شوشتبا.

سەری بردە بن گوێی کچەکە:

چارۆکەت راکێشە سەر دەم و چاوت. و هەروا بە چەماوەیی بۆ لای کچەکەی، بەردەوام بوو:

ئەگەر وێنەی کاکەت دۆزییەوە، نەیکەیتە گریەو زاری. ئێمە گریانی خۆمان کردووە. بەسە. دەسرۆکی وشکت لە ماڵەوە نەهێشتووە. ئەگەر یەکێ پیرۆزبایی لێکردی، هێمن و ئارام بە.

بە جۆرێکی وا رەفتار بکە کە هەموو پێت هەڵبڵێن.

هەموو بڵێن خوشکێکی چەند باشە!

کچێکی چەند باشە!

کچە قینی خۆی خواردەوە: بە چاوان.

دوای نیوەڕۆ بوو کە گەیشتنە شار. شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ بوون دەستفرۆشەکان لە تەك سفرەکانیان وەنەوزیان دەدا. لە تەك گۆڕەپانێکی گەورە دابەزین، بەردەنووسێکی مەرمەڕی رەشی لە ناوەڕاست بوو. دەوراندەوری گۆڕپانەکە پڕدرەختی (بەناو) بوو. بەربەرێکی پیر لەبن درەختێك پێوە بوو ئەومووە رەش و سپییانەی لە کونە لووتی کابرایەکی لادێی هاتبوونە دەرێ بە گیجی دەیبڕین.

ژنە چووە لای بەربەرەکە: مامە ئەو جێگایەی کە وێنەی....

بەربەرەکە لێنەگەڕا ژنە قسەکەی تەواو بکا، نووکی گیجییەکەی بۆ ئەو بەری گۆڕپانەکە راداشت:

لەوێیە پووریێ. بەڵام ئێستا دایانخستووە.

ژنە گیرۆ نەبوو. خێرا دەستی کچەی راکێشا و لە گۆڕەپانەکە پەڕینەوە. پێیان نایە سەر پلیکانەی پان و گەورەی بەردەم باڵەخانەکەو لە پشت دەرگا شووشە داخراوەکان، راوەستان. کەس لەو دەورو بەرە نەبوو. هۆڵێکی گەورە لەودیو شووشەکەوە دیار بوو دیوارەکانی پڕ وێنە بوو. وێنەکان تا چاو بڕ دەکا، ریز بە ریز، بە دیوارەوە هەڵواسرا بوون. ژنە زۆر هەوڵی دا شتێ ببینێ.

دڵی توند لێی دەدا:

تۆ هیچ دەبینی؟

کچەکە گوتی: نا، وێنەکان شەوقی رووناکییان پێ دەکەوێ و لێ ناگەڕێ ببینم.

هەردووکیان لە کونجی پلیکانەکە دانیشتن. ژنە پریاسکەکەی دەرهێنا. دوو پارچە نانی بە رۆنی گیاو دوو هێلکە مریشك و دوو تەماتەو هەندێ خوێی لە ناو کاغەزێك پێچراوی دەرهێنا و لە سەر کۆشی خۆی داینا. تەماتەکان و هێلکەکانی لەسەر نانەکان پان کردەوە.

لە فراوین بوونەوە، ژنەخەریك بوو بوخچەکەی دەپێچایەوە پیرەژنێکی گۆچان بەدەست هات: ئەوە نمایشگا داخراوە، خوشکم؟

بەڵێ، نەنە.

ئەمە جاری سێیەمە دێم.

وەرە دانیشە، ماندووت بحەسێنەوە.

پیرە ژن لەسەر پلیکانەکە دانیشت. برژانگی بە پێڵووی چاوانەوە نەمابوو. دەم و چاوی وەکوو پلاستیکی نیوەسووتاو گرژ بوو.

ژنە پرسی: فراوینت خواردووە؟

پیرەژن باوێشکێکی هاتێ:

فراوینی چی؟ خواردنی چی؟

گۆپاڵە نارێکەکەی لەسەر زەوی درێژ کرد:

لەو کاتەوە کە ئەو ئازیزەم نەهاتۆتەوە ئیتر نە رۆژم ڕۆژە و نە شەوم شەوە. نە خواردنم هەیە و نە خۆراك. گەرووم گیراوە، خوشکم!

ژنە خولقی کرد تەماتەیەك بخوا:

تامی دەمت تازە بکەوە.

هیچ! هیچ!

ژنە تەماتەکەی لەناو بوخچە راکرد.

هەر ئەو یەکەت هەبوو؟

دوو دانەم هەبوو. ئەوەی گەرەتر دیقی کرد. ژنێك و دوو کچی لە پاش بەجێ ماوە. بەڵام ئەم بچکۆلانەیە داردەستی دەستم بوو. ئەم شتێکی تر بوو. شازدە ساڵی بوو.

پیرەژن پێڵووە بێ مژۆڵەکان داگرتە سەر یەك: ئەی تۆ؟ تۆ چەند دانەت هەبوو؟

چنە پەنجەی بۆ دەرگا شووشە گەورەکە درێژ کرد:

یەك. ئەویش حەڤدە ساڵی بوو. هەر ئەو تاقانەیەم هەبوو. خۆی چوو. ئەو شەوەی فرۆکە دوازدە ژن و منداڵی گوندەکەمانی کوشت تا بەیانی خەوی لێنەکەوت. بەیانی زوو چوو.

پیرەژن پرسی: ئەگەر وێنەکەی ببینی دەیناسێتەوە؟ من لەم ماوەیەدا، هێشتا وێنەی ئازیزەکەمم بۆ دەدۆزراوەتەوە.

ژنە تەماشایەکی دەرگا شووشەکەی کرد:

بەڵێ، دەیناسمەوە. قوربانی بم. برینەسۆتێکی بە لالێوەوەیە.

ئەها. نیشانەیەکی چاکە!

کوڕەکەی تۆ چ نیشانەیەکی هەبوو؟

نیشانە؟ ئەها! زمانی نەختێ دەگیرا. هەر لەبەر ئەوەش وازی لە قوتابخانە هێنا.

دەم و چاوی چ نیشانەیەکی پێوە بوو؟ نیشانەیەکی وا لە وێنەکەدا دەربکەوێ.

هیچ نیشانەی پێوە نەبوو. بەڵام من زۆر باش دەیناسمەوە. بە دڵ دەیناسمەوە، نەك بە چاو.

دەیدۆزیتەوە، ناڕەحەت مەبە. پێویستە باش تەماشای وێنەکان بکەی.

ئێ هێ.... لەوانەیە ئەمڕۆ ئازیزەکەم بدۆزمەوە.

وردە وردە پشت دەرگا قەرەباڵغ بوو. لەگەڵ دەنگی کردنەوەی دەرگا، هاتنەوە سەرخۆ. پیرەژن خۆی بەسەر گاڵۆکەکە داداو قیت بووەوە. ژن و کچەکە، کە چوونە ناو هۆڵەکە، بەرامبەر ئەم هەموو وێنەیە هەرشاش و مەندەهۆش بوون.

کابرایەك گوتی:

بەم لایەدا، خوشکم!

بە پێش وێنەکان دا تێپەڕین. کچە چەپکە گوڵە داودییەکەی بە سینگی خۆیەوە نووساند بوو. دڵی لە ژێر کوڵووکەمان تەپەتەپی بوو، کوڵووکەکەکانی دەجووڵاندەوە.

سەر دیوارەکە هەموو جۆرە وێنەیەکی تێدا بوو: باڵانما، دەم و چاو، تا ناوقەد، لە قوماشی سپی پێچراو، لە تەنیشت، لە دواوە کە نیوەی رووی نیشان دەدا و ڕووبەڕوویش.

کچە لە بەرامبەر وێنەیەك وەستا. ژنەبازووی کچەی گرت. وێنەکە نیوەی دەم و چاوێکی نیشان دەدا. نیوەکەی تری نەمابوو. لچکە کفنەکەی دەم و چاوی داپۆشی بوو. وەکوو وێنەیەك کە رووناکی لێی دابێ. لە گۆشەیەکی وێنەکە، لای راستەی دەم و چاوەکە برینەسۆتێکی تێدا بوو. سمێڵی تازە دەرهاتووی لەبەر برینەسۆتەکە، لە نیوەوە پچڕا بوو و دوای برینەکە، کۆتاییەکەی دووبارە بە ناسکی هەڵی دابووەوە.

کچە لەپی دەستی خستە سەر دەمی:

ئای کاکەم! ئای برام!

خەریك بوو دابێتەوە سەر زەوی، ژنە بازووی راگوشی، کچە بە هێواشی ناڵاندی و چەپکە کوڵووکە داودییەکەی لە ژێر وێنەکە، لە بن دیوار دانا.

# ئاڵا من



جەگەر خوین

ئالا رەنگین پیرۆزی خوەش،
تەهلگرم دچم ب مەش.
تو لسەر ملێن خۆرتێن جوان،
د ناڤ تە دەیەک رۆژا گەش.
ئالا سێ رەنگی تو،
ب ناڤ و دەنگی تو-
نیشانا جەنگی تو.
ئەی خۆرتێن کوردان،
سەلاڤێ لێ بکن.
ئیرۆ مە تو کریە هەمبێز،
رۆژەک وێ بێ تە بکن رێز.
ل ئەیوانا، ل سەر بانا،
رۆژا شادی تو خەمل و خێز.
کەسک و سۆر و زەری،
سپی و گەوهەری،
نیشانا زەفەری،
ئەی خۆرتێن کوردان،
سەلاڤێ لێ بکن.
تەب زیڤ و زێر تەڤدە کلدم،
رۆژا جەنگێ ئەز تە هلدم.
گەر ئەز بمرم گەر ئەز رابم،
جەگەر خوینم سەربلندم.
ئالا سێ رەنگی،
پیرۆز و شێرینی،
نیشانا مزگینی،
ئەی خۆرتێن کوردان،
سەلاڤێ لێ بکن.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 523 21 Nov 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# ئیحسان فەتتاحیان، سەمبولی مەزلومییەتی نەتەوەیەک

قادر وریا

ئەو لاوەی، مردنی لە پای سێدارەی بێداد لە ٢٠ خەزەڵوەری ئەمساڵدا، ویژدانی مرۆڤایەتیی هەژاند، سەرەڕای مردنی لە تەمەنی لاوەتی‌داو وێڕای ئەوەش کە تاوانێکی ئەوتۆی نەکردبوو کە نەك لە داردان بەڵکوو شیاوی ١٠ ساڵ بەندیخانە بێ، لاوێکی بەختیار بوو.

پێتان سەیر نەبێ، نموونەیەکی هەرە زیندووی غەدرلێکراوی و بەناهەق کوژراوی بە "بەختیار"و "خۆش شانس" دەزانم. "ئیحسان" لەچاو دەیان و سەدان لاوی خەباتگێڕی کورد کە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا، گوللەباران کراون و لە سێدارە دراون، یا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە، بەختیارە. راستە هەموویان هەر یەك چارەنووسیان پێ بڕاوەو بە تاوانی کوردبوون و خەبات دژی ژێردەستیی نەتەوەیی و بێبەشی لە ئازادی، گیانیان لێ ئەستێندراوە. ئەمەش بە جێگەی خۆی کە زۆر لە بەندییە سیاسییەکانی دیکەی کورد، وەك ئیحسان سەربەرزانە بە پێشوازی مەرگەوە چوون، بەڵام بە دەگمەن بۆ یەکێك لەوان ڕێ‌کەوتوە، تەنانەت بەر لە مردن، سەرنجی ویژدانەکان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ لای خۆی چارەنووسی رابکێشێ و دواپەیام و دواهەڵوێستی بگاتە نەتەوەکەی و سەرجەم مرۆڤایەتی.

بێگومانم دواساتەکانی بەسەدان خەباتگێڕو بەندیی سیاسی و، کاتەکانی سپێردرانی زۆر لە شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران بە پەتی سێدارەو جوخەی مەرگ، وەك دواساتەکانی ژیانی ئیحسان لێوڕێژ بووە لە بوێری و شەهامەتی سەرچاوەگرتوو لە بڕوای قووڵ بە ئازادی و حەقانییەتی خەباتێك کە تێیدا بەشدار بوون. دڵنیاشم زۆربەیان، ئەگەر دەرەتانی نووسینی نامەیەکیش بۆ ئازیزان، هاوڕێیان و درێژەدەرانی ڕێگاکەیان پێ نەدرابێ، لەو کاتەدا کە پەتی سێدارەیان خراوەتە مل، یا لە بەردەم لوولەی چەکەکانی جووخەی مەرگ‌دا ڕاگیراون، چەشنی ئیحسان، بە بکوژانی خۆیان و بە بەڕێوەبەرانی ڕێژیمێك کە ئەوانی بە مردن مەحکووم کردوە، گوتوویانە "ئەگەر پێتان وایە بە مەرگی من خەبات بۆ ئازادی کۆتایی پێ‌دێ، خەیاڵتان خاوە". کام لاوی تێکۆشەری کورد هەیە ئیلهامی لە وتەکەی سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد لە کاتی چوونە سەر دار وەرنەگرتبێ کە گوتی: ئێوە ئەمڕۆ بە کوشتنی من قازی محەممەدێك لە نێو دەبەن، بەڵام لە داوڕۆژدا هەر کوردێك دەبێتە قازی محەممەدێك؟ نموونەی قارەمانانێك کە هەژار گوتەنی "بۆ مەرگ دەچن بە ئازادیی هەر دەڵێی دەچنە سەر شایی" زۆرن، بەڵام تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەمیان ڕێ دەکەوێ نەتەوەکەیان و میدیاکان و بیروڕای گشتی لە چەندو چۆنی تێپەڕاندنی ئەم دواساتەی ژیانی کورت و دوایین وتەو پەیامەکانیان ئاگادار بێ.

نامەی سێ ڕۆژ بەر لە مردنی ئیحسان، لە زۆر بارەوە شیاوی لێ وردبوونەوەو گرنگی پێدانە. ئەم نامەیە هەر لەو کاتەدا کە بەڵگەی بوێری، لە خۆبردوویی و بڕوا هەبوونی قووڵ بە ئازادی و رزگاریی نەتەوەیی لاوێکی کورد لە دەروازەی مردن دایە، سەنەدی مەزڵوومییەتی نەتەوەیەکیشە. سەربردەی ئیحسانی لەدایکبووی کرماشان، بەسەرهاتی هەموو تاکەکانی کوردستانە کە هەر چاویان دەکرێتەوەو فام دەکەن هەست بە بندەستیی نەتەوەیی و نابەرابەری دەکەن و، هەر کاتێکیش بیانهەوێ بۆ لابردنی ئەم ژێردەستی و نابەرابەرییە تێ‌بکۆشن، ڕێگەیان پێ نادرێ و لە ترسی گرتن ناچارن روو بکەنە چیاکان و ئاودیوی سنووورە دەسکردەکان ببن. لەو سەرزەوی و وڵاتەی ئیحسان و گەلەکەی دەژین، نەك ڕێوشوێن و بنەما جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، بەڵکوو یاساو پەسندکراوە دواکەوتوو و نادێموکراتیکەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتداریش، هەر کات بە پێویست زانرا، گوێیان پێ نادرێ. هەر بۆیە ئیدارەی ئیتلاعات دەتوانێ حوکمێکی قەزایی و حوقووقی کە دادگا داویەتی، بە سیستمی قەزایی بگۆڕێ و بەم هۆیەوە کە بەندیی سیاسیی کورد ئامادە نیە لە بەرچاوی کامێرای تەلەڤیزیۆن، دان بەو تاوانانەدا بنێ کە نەیکردوون، سزاکەی لە ١٠ ساڵ بەندیخانەوە دەکەن بە ئێعدام و بەڕێوەشی دەبەن! بە رواڵەت تاوانی ئیحسان، چەك هەڵگرتن و پێشمەرگایەتی لە ڕێکخراوێکی سیاسیی کورددا و لە ئاکامدا "هەنگاونان دژی ئاسایشی نەتەوەیی" بوو. بەڵام کاتێك هەر لەو ڕێژیمەدا چالاکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیش هەمان تاوانی ئیحسانیان دەخرێتە پاڵ و سزای قورسیان بە سەردا دەسەپێندرێ، مانای ئەوەیە خەبات بۆ ئازادی و هەوڵدان بۆ مافی نەتەوەیی و ئینسانی لە کوردستان لە هەر ڕێگەیەکەوە بێ، تاوانێکی گەورەیەو، "تاوانباران" جگە لە تەسلیم بوون و داننان بەو تاوانانەدا کە کاربەدەستان بۆیان ریز دەکەن، تەنیا ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش مردن لە ژێر ئەشکەنجە لە بەندیخانەو ئێعدامە! ئیحسان فەتاحییان لەم بارەیشەوە بوو بە سەمبولی لاوانی نەتەوەکەی کە ڕێگەی تەسلیم نەبوونی هەڵبژارد.

ئیحسان زۆر بەباشی لە ماناو کاردانەوەی ئەم مردنەی خۆی تێگەیبوو، بۆیە بە پێشوازییەوە چووە و بە جەللادەکانی راگەیاند کە مەرگی ئەو سەرەتای ژیانێکی دیکەیە. ئەو دڵنیا بوو کە ڕێگەکەی بێ ڕێبوا نابێ و لاوانی نەتەوەکەی، ڕێگاکەی تا رزگاریی کوردستان دەپێون.

# وێبلاگنووس

## گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی "کتاب شناسی آثار بهزاد خوشحالی" وێبلاگێکە کە بەرهەمەکانی لێکۆڵەرو و نووسەر بێهزاد خۆشحالی لەخۆ دەگرێ.


بێهزاد خۆشحاڵی کە جگە لە نووسین، کاری لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانیش دەکا گشت بەرهەمەکانی لەم وێبلاگە دا دەخاتە بەر چاوی خوازیارانی کارەکانی. پێویستە بوترێ خوشحاڵی زۆربەی نووسراوەکانی لەسەر مێژووی هاوچەرخ و ڕووداوەکانی سەدەی رابردووی کوردو بزووتنەوەکانی کورد چڕ بوونەتەوەو بە تایبەت هێندێك لە بەرهەمەکانی لە سەر ئەو کۆمەڵکوژی وکارەساتانەن کە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی لە کوردستان روویان دا. هەروەها ناوبراو جگە لە بەرهەمە سیاسییەکانی زۆر بابەتی پێوەندیدارە بە کۆمەڵگەی کوردیی خستوەتە روو کە کاری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون.

خوێنەران دەتوانن لەم وێبلاگە دا لەم بەرهەمانەی نووسەر کەڵك وەرگرن: مێژووو فەلسەفەی سەرەنجام (وەرگێڕان)، روزهای بحران به روایت تصویر (کۆکردنەوەو ئامادە کردن)، اسناد حقوق بشر (وەرگێڕان)، فرهنگ واژگان و اصطلاحات فارسی _ کردی ژوان (نووسین)، روش آیینی و ملی در کردستان (وەرگێڕان)، هویت کردی و دین (نووسین).




خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە ئینتێرنێتییە بکەن:
/http://www.bkhreference.blogfa.com

# قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی دەنگی چەند هونەرمەندێک لە ڕادیۆ دا



بڵاوبوونەوەی دەنگ و موسیقای ژمارەیەك لە گۆرانیبێژان و ئاڵبۆمەکانیان لە ڕادیۆی سەرانسەری ئێران دا بە پێی هۆکارگەلێکی نادیارەوە قەدەغە کرا.

لەو لیستەیە دا ناوی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی بەناوبانگی ئێرانی هاتوە کە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لەمەودوا ڕێگە نادا دەنگیان بڵاو بکرێتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی "ئیلنا" لەو لیستە دا ناوی چەند هونەرمەندی وەکوو، عەلیرەزا ئیفتخاری، محەممەدی ئیسفەهانی، ئیحسانی خواجە ئەمیری، عەلیرەزا ئەفشار و دەیان کەسی دیکە وەبەرچاو دەکەون.

تا ئێستا هۆکاری ئەو بڕیارەی ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی روون نیە بەڵام بە ئەگەری زۆر هۆی ئەو بڕیارە بۆ پشتگیریی ئەو هونەرمەندانە لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران بگەڕێتەوە.

# مێهدی سەحابی گەورە وەرگێڕی ئێران کۆچی دوایی کرد



مێهدی سەحابی وەرگێڕی بە توانا، پەیکەرتاش و نەققاشی ئێران ڕۆژی یەکشەممە ٨ نوامبەر، لە تەمەنی ٦٦ ساڵی دا لە شاری پاریس دڵی راوەستاو ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو کە یەکێك لە پڕ کارترین وەرگێڕەکانی ئێرانی بوو سەرتای دەیەی ٦٠ی هەتاوی دەستی کرد بە کاری وەگێڕان و بەگشتی ٤٠ بەرهەمی وەرگێڕدراو و نووسراوی هەیە.

سەحابی کتێبی "گەڕان بە دوای کاتی بەفیرۆ چوو" بەرهەمی مارسل پروستی بە ١١ ساڵ وەرگێڕا کە یەکێك لە دە ڕۆمانە بەرزەکانی جیهانی ئەدەبیاتە. هەروەها ڕۆمانەکانی "مادام بوواری"، بەرهەمی گۆستاه فلوبێر، "ئاڵ و ڕەش" بەرهەمی ستاندال کە بەر لەو لە لایەن محەممەد قازی و عەبدوڵڵا تەوەکولەوە وەرگێڕدرابوونەوە سەر لە نوێ وەرگێڕایەوە.

ناوبراو بەرهەمێکی زۆری لە لە زمانەکانی ئینگلیسی و فەڕەنسی و ئیتالیاییەوە وەك "بارونی دار نشین"، "مردنی قوستا"، مورگی وەزر موختار" و "تەربییەتی ئیحساسات" لەم سێ دەیەیەی دوایی دا وەرگێڕاوەتەوە.

# شەجەریان بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری تاران بانگ کرا



"محەممەد حوسێنی ئاغاسی" پارێزەری هونەرمەند شەجەریان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی "ئێران" رایگەیاند کە ڕۆژی شەممە کاتێك کە شەجەریان لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە، لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە پێشی پێ گیراوەو بۆ وڵامدانەوەی چەند پرسیارێك لەگەڵ خۆیاندا بردوویانە.

بە وتەی "ئاغاسی" ٢٥ی خەزەڵوەر "شەجەریان" بۆ جارێکی دیکە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات بانگ کراوەتەوەو بۆ ماوەی ٢ کاتژمێرو نیو لێپێچینەوەی لەگەڵ دا کراوەو ناوبراو پێداگریی لەسەر هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی کردۆتەوە.

پارێزەری ئەم هونەرمەندەی بواری موسیقای ئێران هەروەها رایگەیاند کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بانگ کردنی شەجەریان بۆ ئیتلاعات، بۆ وتووێژی دوو مانگ لەمەوبەری لەگەڵ تەلەفیزیۆنی بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا دەگەڕێتەوە.

شایانی باسە شەجەریان لە وتووێژێ لەگەڵ تەلەفزیۆنی فارسیی دەنگی ئەمریکادا ڕەخنەی لە کردەوەکانی حکوومەت و هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ ناڕازییانی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێران گرتبوو.

# فێستیڤاڵی موسیقای جاز لە لەندەن بەڕێوە دەچێ




فێستیڤاڵی موسیقای جاز کە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا هەموو ساڵێك لە شاری لەندەنی پێتەختی ئینگلیس بەڕێوە دەچێ ئەمساڵیش بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە گۆرانیبێژانی ناوداری جازی جیهان بە سپۆنسێری رادیۆ بیبیسی ٣ و شارەوانیی لەندەن و بریتیش کانسیل لە ڕۆژی ١٣ نوامبەرەوە تا ٢٢ی ئەو مانگە لە لەندەن بەردەوام دەبێ.

مووسیقازانی ناوداری وەك کارلا بلی، جان سکۆفیلد، کلیولەند واتکیس، شیلا جۆردەن و جان سێرمەن و ... بەشداری فێستڤاڵی ئەمساڵن. کارلا بلی یەکێك لە رووما ناسراوەکانی موسیقای جازی هاوچەرخە کە دامەزرێنەری گرووپی جازی "بیگ بند" ی دەیەی هەشتایەو بە دیاردەی مووسیقای جازی هاوچەرخ دەژمێردرێ. بەڵام سیمین سەماواتی تەنیا هونەرمەندی ئێرانیی بەشداری ئەم فێستیڤاڵە کە دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانەو بە گرووپەکەیەوە بە ناوی سیمینۆلۆژی کە هەموو ژەنیارەکانی ئاڵمانین بەشدارەو ناوبراو زۆربەی شێعرەکانی لە سەر شێوازی شاعیرە کلاسیکەکانی وەك خەیام و مەولەوی پێشکەش دەکا.

# کورتەفیلمێکی کوردی لە فێستیڤاڵی دوبەی دا پێشان دەدرێ



کورتە فیلمی "هژ بە شەرمە" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد حسێن حەسەن بە ناوی حکوومەتی هەرێمەوە لە فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی دا بەشدار دەبێ. ناوبراو لە وتووێژێکی دا لەگەڵ ماڵپەڕی هەواڵنێر رایگەیاند ئەم فیلمە بە پشتیوانیی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان لقی پارێزگەی دهۆك دروست کراوەو نێوەڕۆکی فیلمەکە لەسەر پێکەوە ژیانی ئایینەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و مافی گشتیی ئافرەتان و دۆخی ژن لە کۆمەڵگەی کورد دەدوێ.

